# بەڵێننامەی شەرەفی

# بانگخوازی



د. هیشام تالیب

و: حەمە ڕەشید ماوەتی

لە بڵاوکراوەکانی

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری (٥٥)

## بەڵێننامەی شەرەفی

# بانگخوازی

کتێب: بەڵێننامەی شەرەفی بانگخوازی
نووسەر: هشام طالب
وەرگێڕ: حەمەرەشید ماوەتی
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نۆرەی چاپ: یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٢٧٣٩)ی ساڵی ٢٠١٢ ی پێدراوە

تێبینی: ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی وەرگێڕ لەچاپدراوە، دەبەخشرێت و نافرۆشرێت.

# بەڵێننامەی شەرەفی
# بانگخوازی


نووسینی

**د. هیشام تالیب**

وەرگێڕانی

**حەمە ڕەشید ماوەتی**



**چاپی دووەم**

**١٤٣٨ کۆچی - ٢٠١٧ زاینی**

بسم الله الرحمن الرحیم

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

# زیادکردنی پێشەکی چاپی دووەم

## پێشەکی وەرگێڕ

لەناو دێڕەکانی ئەم نووسراوەی دکتۆر (هیشام تالیب)دا هەوڵێکی دڵسۆزانە و پەرۆشییەکی زۆر دەبینرێت بۆ نزیك خستنەوەی لایەنەکانی بێداریی ئیسلامی و کۆکردنەوەیان لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان کە مەودایەکی فراوانیان هەیە و زۆر زیاترن لە خاڵە ناکۆکەکان.

دەیەوێت لێبوردەیی بەمانا فراوانەکەیەوە ببێتە دینەمۆی پێکهاتن و پێکەوەبوون و قبوڵکردنی یەکتری هەرچۆنێك کە خۆیان هەن. ئەمەش لەپێناو ڕەتکردنەوەی دەمارگیری و توندوتیژی و خۆبەزل زانین بەرامبەر بە ڕای پێچەوانەی خۆیان و ئاڕاستەکردنی توانا و لێهاتووییەکانیان بەئاڕاستەیەکدا کە سوودەکەی بڕژێتە خانەی خزمەتکردن بە خاك و خەڵك و نیشتمان و دین، لە هەرکوێیەك بن و بەهەر زمانێك ئاخاوتن بکەن. هەموو گەل و نەتەوەیەك

پاشــخانێکی زۆری لــە توانــا و وزە و کلتــوری فیکریــی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی هەیە، جگـە لـەوەش لـەم سـەردەمەدا کلتـــورە جۆراوجۆرەکـــان بـــەهۆی ئـــامێرە تازەکـــانی پەیوەندییەوە لەناو گەل و نەتەوەکاندا لەسەر ئاستی هـەموو جیهـان زۆر بــەخێرایی گۆڕانیــان بەســەردا دێــت لەبەیــەك گەیشتنی کلتوورەکاندا و پێهاتەیەکی نوێ پێك دەهێنن.

بۆیە پـێم خـۆش بـوو گـەل و نەتەوەکـەی منـیش بێبـەش نــەبێت لــە هەوڵــەکانی پەرەپێــدان و بەرەوپێشچــوون، بــا کەمیش بێت، چونکە وەختێـك دەچـێتە پاشـخانەکەیەوە زۆر دەبێــت. بــەو پەرۆشــییەوە ئــەم نامیلکەیــەم وەرگێــڕا و دەیخەمـــــە بەردەســــتی خـــــەڵکانی کوردســــتانەکەم و موســــوڵمانانی خــــاوەن فیکـــر و پێگەیشـــتوو بـــەهیوای سـوودبینین لێـی، بەتایبـەتی بێـداریی ئیسـلامی. لەکۆتاییـدا ئــەم هەوڵــە پێشــکەش دەکــەم بەمامۆســتای کۆچــکردووم (إبـراهیم ڕێشـاوی) و بـرای بـەڕێزم (مامۆسـتا صـلاح الـدین محمـد بهـاء الـدین) کـە بەڕاسـتی خزمـەتی دینـداری منیـان کردووە. هەروەها پێشەکەشـە بـە خێزانـی ئـازیزم و بـاوکم و دایکیشـم، ئومێـدم وایـە خـودا بـەزەیی هـەبێت بەرامبـەرم و لێمی وەربگرێت.

**حەمە ڕەشید ماوەتی**

**٢٠١٢/٦/١**

# بیرۆکەی ئەم بەڵێننامەیە

بانگکردنی موسوڵمانانە بەگشتی و، بانگخوازانیش بەتایبەتی، بۆ ڕێککەوتن و بەیەکگەیشتن لەسەر کۆمەڵە ڕێسا و دیسپلین و پرەنسیپێك، کە بەهەموویانەوە پەیماننامەیەکی شەرەف بۆ کاری بانگخوازیی و، دەستوورێکی ڕۆشنبیری بۆ بیرکردنەوە و کارئەنجامدان پێکدەهێنن، بەشێوەیەك کە ڕووبەری پێکهاتن و ڕاستی و کارایی زیادبکات و ڕووبەری ناکۆکی و هەڵە و بێکاری کەم بکاتەوە.

# پێشەکی دانەر

ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا هۆشیارییەکی بەربڵاو و هەمەلایەن سەریهەڵداوە کە لە خودی خۆیدا دیاردەیەکی ئەرێی پیرۆزە و بەڵگەیە لەسەر وریابوونەوەی ئومەتی ئیسلامی و بەئاگاهاتنیان لە بێخەبەری و هەستکردنیان بە بوونی خۆیان و شانازیکردنیان بە ئایینەکەیانەوە و، هەوڵدانێکیشە بۆ دەربازبوون لە دواکەوتوویی و ڕزگاربوونیشە لە پاشکۆیەتی فیکری و شێوازی ژیان، هەر ئەو هۆشیارییەیە کە لە زاراوەی هاوچەرخدا دەستەواژەی بێداریی ئیسلامی بەسەردا دابڕیوە. ویستی خودایە و (چاکە و منەتیش هەر بۆ ئەوە) کە ئەو بێدارییە گەیشتووەتە وڵاتانی بیانی و لەو شوێنانەشدا کە موسوڵمانانی کۆچککردوو و ئاوارەی لێیە کە بە مەبەستی خوێندن و بەدەستهێنانی زانست یان کارکردن چوونەتە ئەوێ. جێی سوپاسگوزاریشە کە لەم ساڵانەی دواییدا بیرۆکەی ئەوەیان بۆ دروستبووە کە بەشێوەی دامەزراوەیی و ڕێکخراوەیی کاربکەن بەجۆرێك کە بتوانن بیکەنە مەرجەعیەتێکی فیکری بۆ فتوادان لەکاروباری دین و دنیایاندا و مەرجەعیەتێکی ئیداریش بۆ چارەسەری کێشەکانیان و دانانی پلان، هەروەها لەلای لایەنە

فەرمییەکان لەو شوێنانەی کە لێی دەژین نوێنەرایەتیان بکات. ئەمەش خۆی دەستکەوتێکی گەورەیە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو پەنابەرانە دەستیان کردووە بە تێپەڕاندنی ئەو خەونەی کە هەیانە، هەرچەندە کە لەسەرەتادا وەك قوتابی بۆ خوێندن چوونەتە ئەویٚ یان گەشتیاربوون بۆ گەڕان چوونەتە ئەویٚ، یان هەژاربوون بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان ڕوویان کردوەتە ئەویٚ. بەڵام هەرچەندێك ئەمان بەتوانا بووبن و باشیش بن کارەکەیان هەر کارێکی لاوەکییە و توانایان سنووردارە، ئەگەرچی خۆی هەوڵێکی باشیش بێت هەر کەم سوود و ناکارا دەبێت.

## ڕواڵەتی ئەم بێدارییە

ئەم بێدارییە پیرۆزە بەشێوەی لێك جیاواز و جۆراوجۆر، بەپێی بارودۆخێك کە دەوری داوە خۆ دەنوێنێت. لەهەندێك شوێندا بووەتە ناوەندێکی ئیسلامی بۆ ئاوارەکان، یان وەك مزگەوتێك بۆ پەرستشەکان، یان کۆمپانیایەکی وەبەرهێنان و دەزگایەکی دارایی، هەندێك جار وەك پڕۆژەیەك بووە بۆ قەرزدان بە هەژاران، یان بۆ

بڵاوكردنـــەوەی گۆڤـــار و ڕۆژنامـــە و چـــالاكی نووســـین و وەرگێڕان و بڵاوكراوە.

یان وەكو كۆمەڵە خەڵكێك كە نێردراون بـۆ بانگەشـە و گەیاندن لەلایـەن لایـەنێكی دیـاریكراوەوە لێـرە و لـەوێ.. یان كۆمەڵێكن داوای جێبەجێكردنی ئەحكامەكانی خودا و ڕێنماییـەكانی دەكـەن لـە وڵاتێكـی موسـوڵماندا یـان لـە شـێوەی بزووتنەوەیەكـدان تێدەكۆشـن بـۆ ڕزگـاركرنی وڵاتێكی ئیسلامی لە ژێردەستی داگیركەراندا.

گومانی تێدا نییـە كـە هـەموو ئەمانـە كۆمەڵـە كـارێكی باش و دڵخۆشكەر و پرشنگدارن و شایستەی نزا بۆ كـردن و هانـدانن و، لـە هـەمان كاتـدا شایسـتەی ئەوەشـن كـە ڕاستبكرێنەوە و ڕێنمایی و ئاڕاستە بكرێن.

## چەندین هۆكار:

ئەم بێدارییە لەدایكبووی چەندین هۆكاری هەمـەجۆر و بەرهەمی كۆمەڵێك تێكۆشانی تاك و كۆ و ڕێكخـرا و كـاری خۆڕسـك و كـاری فـەرمی و جەماوەرییـە و، پـێش هـەموو ئەوانـەش گوزارشـتێكی سروشـتی و ڕەسـەنە، بەڵگەیـە لەســـەر خواســـتی ئومـــەتی ئیســـلامی بـــۆ ڕاســـتی و ڕەسەنایەتی خۆیـان، بەڵگەنەویسـتێكی درەوشـاوەیە كـە

ئەم دینە بە چاودێری خوای مەزن پارێزراوە، ئەو کەسەی خوێندنەوە بۆ ئەم بێدارییە بکات و بیەوێت بیکات بە مێژوو ناتوانێت بەئاسانی و وردی لە کات و زەمەنێکی دیاریکراودا سەرەتای بۆ دابنێت. ئەمە و ئەم دیاردەیە و هاوشێوەکانی ڕیشەیەکی کۆنیان هەیە، دەردەکەون و بزر دەبن، تێکۆشانێکی درێژە پێدراوە و دەردەکەوێت و بزریش دەبێت. لەپاشان بێگومان کاری بانگخوازی کارێکی بەردەوامە و هەر دەمێنێت و ناکرێت بپچڕێت، لاوازدەبێت و بەهێز دەبێتەوە، هەڵەدەکات و ڕاستیش دەبێتەوە نەخۆش دەکەوێت و چاکیش دەبێتەوە، بەڵام مانەوەی وەکو سوننەتێکی گەردوونییە کە سوننەتی خودایە و ناگۆڕێت و لەناو ناچێت.

## شکستی ساڵی (١٩٦٧)ی زاینی:

شکستی ساڵی ١٩٦٧ وەرچەرخانێکی زۆر گرنگ بوو لە مێژووی بێداریدا. شکستهێنانی عەرەب لە بەرامبەر ئیسرائیلدا بووە هۆی بوومەلەرزەیەکی دەروونی و فیکری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و سەربازی، دەرهاویشتەی ئەم زەمین لەرزەیە بووە هۆکاری تووڕەبوونی خەڵك لەو سەرکردانەی کە بوونە هۆی شکستهێنان، هەروەها لەو

پرنسیپ و بیروباوەڕانەی ئەو سەرکردانە هەڵیان گرتبوو بەناوی شۆڕشگێڕیی و عەلمانییەت و سۆسیالستی و لیبرالییەت و نەتەوەپەرستی و بەعسییەت، خەڵکی خۆیان لێ بەدوور گرت و بەدوای بەدیلێکدا دەگەڕان.

لێرەوە ڕوویان کردە ئیسلام، شتێکی غەریبیش نییە لەسەرەتا و کۆتاییدا موسوڵمانن و کۆمەڵیش وەکو تاکەکان ڕوودەکەنە خودای تاك و تەنها لەڕۆژانی سەخت و تەنگانە و بەلادا. لێرەدا دەتوانین بڵێین شکستی ساڵی ١٩٦٧ هێزێکی پاڵنەر بوو بۆ بێداریی ئیسلامی لەبەرئەوە نیشانەیەکی گرنگ بوو لەدەرکەوتە مێژووییەکانی بێداریی.

دانایی خودای مەزن لەوەدا دەردەکەوێت کە لە هەناوی شەڕدا خێر پەیدادەبێت و لە هەناوی خێریشدا شەڕ دێتەکایەوە، هەروەها حیکمەتی خودا لەوەدا دەردەکەوێت کە یاسای پاڵپێوەنان و بەرخۆدان بەردەوام دەبێت و بەدوای یەکدا دێت. هەموو هێزێك، بیەوێت یان نەیەوێت، لەبزاوتێکی بەردەوامدایە پاڵ دەنێت و پاڵی پێوەدەنێن... لەناو ئەم بزاوتەدا، وەکو یەك دەرفەت بۆ چاکەکاران و شەڕخوازان، یان موسوڵمان و ناموسوڵمان دەڕەخسێت. ئیتر باش بکەن یان خراپ لەئەنجامی مامەڵکردنیاندا لەگەڵ ئەو یاسایەدا بەشێوەیەکی لاواز یان کارا.

## یاسای پاڵنان:

میهرەبـانی و جـوانی و لوتــف و دادپــەروەری خــودای گەورە لەوەدایــە کــە هــەموو یاســاکان، بەیاسـای ململانــێ کــردن و پاڵنانیشــەوە، یاســاگەلێکی بێلایــەنن و بــەدوای یەکدادێن و لایەنداری و دوژمنایەتی کەس ناکەن، هەروەها خاتری هیچ کەس و کۆمەڵ و ئایینێك ناگرن، بەڵکو هەموو ئەمانــە لەبەردەمیــدا یەکســانن، جــا هەرکەســێك بــاش مامەڵەی لەگەڵدا بکات سـەرکەوتووە و بردویەتییـەوە و، هەرکەســێك خــراپ مامەڵــەی لەگەڵــدا بکــات دۆڕاوە و شکستی هێناوە. لەسوودەکانی ئـەم یاسایە ئەوەیـە کـە ئومێد بەخشـە بـۆ بانگخوازان لـەوەدا کـە دەرفـەتیان بـۆ دەڕەخســێنێت و ژیــانیش لــە گەنــدەڵی و خراپبــوون و ژەنگاویبوون دەپارێزێت و ناهێڵێـت چەقبەسـتوویی ڕووی تێبکات. هەروەها بەردەوام موسوڵمان بەئاگادەهێنێتـەوە کـە گــەورە و دەســەڵاتداری گــەردوون و بوونــەوەر تــەنها خودای مەزنە و بەس، بەمەش ئارامی و متمانە بەخۆبوون و پشتبەســتن بــە خــودا کــارایی زیــاتر بــە موســوڵمان دەبەخشــێت و دڵــی دامــەزراو دەکــات. خــودا خــۆی دەفــەرمووێت: ﴿ولــولا دفــع الله النــاس بعضــهم بــبعض لفسدتِ الأرض ولكن الله ذو فضلٍ على العـالمين﴾ البقـره:

٢٥١. واتـا: (بێگومـان ئەگـەر خـودا کەسـی سـتەمکاری بەهەندێ کەسی تر چار نەکات و لەناوی نەبات سـەرزەوی وێـران دەبێـت، بـەڵام خـودا خـاوەن فـەزڵ و بـەزەیی یـە بەسەر هەموو عالەمـدا). هەرکەسـێك بـە یاداوەرییەکانیـدا بگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی دوای شکستهێنانی عەرەب لـە سـاڵی ( ١٩٦٧ز)دا بـۆی دەردەکـەوێت کـە موسـوڵمانان هەوڵیانداوە ئەو شکسـتهێنان و بەزینـە تێبپـەڕێنن و، لـەو هەوڵەشـیاندا سـەرکەوتنێکی باشـیان بەدەسـتهێناوە کـە دیارترینیان شەڕی ساڵی ١٩٧٣ز بـوو لەگـەڵ ئیسـرائیل و تێکشکانی سۆڤیەت بوو لە ئەفغانستاندا ساڵی ١٩٨٩ز.

## ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت:

بێداریی لە جیهاندا لـە بەرەوپێشچوونیدا بـەردەوامبوو لـەو بەرەوپێشچوونەشـدا ڕێژەیـەك لـە هەڵـەی هـەبوو کـە جیاوازبوو لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، بگرە لە قوتابخانەیەکی بانگخوازییەوە بـۆ قوتابخانەیەکی تر، بەڵام ئەو ڕێـژە هەڵەیـە نـەیتوانی ئـەو ڕاستییەی کە هەیەتی بیسڕێتەوە و، لە ڕێ بڕینیدا پـەکی بخات... تاوەکو زەمین لەرزەیەکی گەورە هات و چـەندین هـەنگاو بـەرەو پێشـی بـرد، ئـەویش داڕمـانی یـەکێتی

سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوەی بوو لە ساڵی ١٩٩١ بەدەستی ڕۆڵەکانی خۆی، ئەو یەکێتییە زەبەلاحە بوو بە کۆمەڵە دەوڵەتێك کە پێشتر یەك دەوڵەتی زەبەلاح بوون.

بەڕووخانی سۆڤییەتیش ئەو بیرۆکەی ئیلحادییەی کە یەکێتی سۆڤییەت پەیڕەوی دەکرد داڕما، هەرئەوەش بەربەرەکانی ئایینەکانی دەکرد بەگشتی و ئیسلامیش بەتایبەتی. بەمەش کیانێکی زەبەلاح لەبەین چوو کە ئیسلام و موسوڵمانان بەدەستییەوە لە ئازاردا بوون. دوای ئەم ڕووداوە بەشێوەیەکی بەرفراوان دەرفەت بۆ بانگخوازان و کاری بانگخوازی ڕەخسا، تەنانەت لەدەروونی ئەو کیانەشدا بەردەوام بوو و درێژەی بە خۆیدا و پێگەیەکی نوێی بەدەست هێنا. خودی ئەم زەمین لەرزەیەش بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی یاسای پاڵپێوەنان و ململانێی... خوای گەورەش زانایە بە هەموو شتێك.

## دوو تاوەرەکەی نیۆرك ٢٠٠١/٩/١١

دوای دە ساڵ بوومەلەرزەی سێهەم پەیدابوو کە بریتی بوو لە ڕووخانی هەر دوو تاوەرە بازرگانییە جیهانییەکە لە نیۆرك لە ساڵی (٢٠٠١ ز)دا. ئەم بوومەلەرزەیەی ڕوویدا، ئەگەرچی لێکدانەوە و شرۆڤەی زۆری لەسەرکرا، لەوانەیە ببێتە ڕاز و پەنهانێك لەڕازەکانی مێژوو، بەلام لە دوای

ڕووداوەکــەوە ئــەمریکا ئەفغنســتان و عێراقــی داگیرکــرد — کاردانــەوەی ڕاگەیانــدن و ڕامیــاری و ئــابوری و ســەربازی و ڕۆشــنبیری لێ کەوتــەوە و، وایکــرد ئیســلام، لەســەر زەویــدا بەگشــتی و لەئــەوروپا و ئــەمریکادا بەتایبــەتی، ببێتــە جێــی دەنــگ و باســی ورد و درشــت. زۆربــەی ئــەو کەسانەی لــەو بارەیــەوە دەدوان بەنیــەت خراپــی یــان نــەزانی باســیان دەکرد، خەڵکانی بەئینساف و دادپەروەریش هەبوون، بـەڵام زۆر کـەم بـوون. ئـەو لێـدوان و دەنـگ و باسـانە بـە بـاش و خراپیانەوە بە خێر و شەڕیانەوە وای کرد کـە ئیسـلام ببێتـە جێی بایەخی زۆرێك لـە خـەڵکی، ئەمـەش دەرفـەتێکی نایـاب بـوو بـۆ ئەوانـەی کـە لـە بـواری بانگـەوازدا کاریـان دەکـرد، تـاوەکو بەباشـی ئیسـلام بخەنـەڕوو، ئەمـەش بـەروبوومێکی پیرۆزی دیکەیە لە بەرهەمەکانی (یاسای پاڵپێوەنان).

بێگومان خوای مەزن خاوەنی حیکمەتە، لەوانەیـە بـەو ڕووداوەی کە تێپەڕی و ئەو ڕووداوانەش کە بەدوای ئەودا هــاتن بــەڕووداوە گەورەکانیشــەوە بیــەوێت ســەرزەوی بەشێوەیەکی فراوان و هەمەلایەن بکێڵێـت و وای لێ بکـات کە بەرەو ئایینەکەی خۆی هەنگاو بنێـت و مرۆڤایـەتی لـە سـەرگەردانی و گـومڕایی دەربهێنێـت و بـەرەو ڕێنمـایی و بەختەوەری ببات.

## هۆشیارییەکی گرنگ و خوازراو

بارودۆخەکە هەرچۆنێك بێت دەبێت ئومـەتی ئیسـلامی چاك تێبگات کە:

- ئەمە دەرفەتێکی دەگمەنە بـۆ ناسـاندنی ئیسـلام، خـۆ ئەگەر بانگخوازانی بەتوانا و دڵسۆز باش مامەڵـەی لەگـەڵ نەکەن دەرفەتەکە تێدەپەڕێت و دەڕوات.
- یاسـاکانی خـودای مـەزن سـەرکەوتن بـە موسـوڵمانان نابەخشن تەنها لەبەرئەوەی کە موسوڵمانن.
- پێویستە ژمارەیەك لە ڕۆڵە زیرەك و بەتواناکانی نەتـەوەی ئیسلامی خۆیان بۆ چاودێری تەرخان بکەن و هەڵەکانیش لـە کاتی بانگخوازیدا دەست نیشان بکەن پێش ئەوەی ڕووبـدەن و وریـایی لەسـەر بـدەن، دەورەی ئـەو هەڵانـەش بـدەن کـە ڕوودەدەن و بە کەمترین زیان چارەسەریان بکەن.
- کـار لەسـەر پێشـبینی ئاسـۆی دوور و ئـامڕاز و کەرەستەی نـوێ بکـەن لـە کـاری بانگخوازیـدا، بۆئـەوەی نەکەوێتە بازنەی لاوازی و لەکارکەوتوویی.
- کار لەسەر ڕاستکردنەوەی ڕێگوزەری کاری بـانگخوازی و چاودێریکردنی بکەن.
- کار لەسەر زیادکردنی مەودای پێکەوەبوونی بانگخوازان و بەرتەسککردنەوەی مەودای ناکۆکییەکانیان بکەن.

## کێشەکان و ئاگادارییەکانیان:

بێـداریی وەك قـەدەرێك هاتـە ئـاراوە و، خـەڵکی پێـی دڵخۆش و شادمان بوون و، دەستیان بە بەدیهێنانی خەونە ئەرخەوانییەکانیان کرد. جا بۆ ئەوەی وێنەکە تەواو ببێت دەبێت ئەوە دووپات بکەینەوە کـە ئـەم بێدارییـە چاك و باشە پڕیەتی لە کێشەی زۆر کـە ئـازاری دەدات و دەبێتـە کۆسـپ لـە ڕێگەیـدا، ئـەوەتا دەبینیـت کـە هەنـدێکیان بەربەرەکانی و بەرهەڵستی هەندێکی تریان دەکەن و پـلان لەدژی یەکتری دادەڕێژن و دوژمنایەتی یـەکتری دەکـەن، لەمـەوە ئاشـووب و فیتنـە بـەرپا دەبێـت و نـاکۆکی و دوژمنایەتی بڵاودەبێتـەوە بەڕادەیـەکی وەهـا هەنـدێك لـە خـەڵکی ئـەو ناکۆکییـە دەبیـنن کـە بەگشـتی لـەنێوان موسوڵماناندا هەیە، بەتایبەتیش لە نێوان ئەوانەی کار بـۆ ئیسـلام دەکـەن. ئەمـەش ڕاسـتییەکی حاشـا هەڵنـەگر و دەردێکی گرانە و کەس ڕزگاری نابێت لێی، مەگەر یـەکێك خودا ڕەحمی پێبکات.

سەرەڕای ئەمەش هەندێك هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانە هەیە کە دروستی تێدانییە و لەشـوێنێکدا بـەکاردەهێنرێت کە پێویست نییە. لەوانەیە شتێکی باشی ڕێگەپێنـەدراوی

لە بری باشێکی ڕێگەپێدراو هەڵبـژاردبێت، بگـرە لەوانەیـە لەشتێکدا بەکاری هێنابێت کە زیانبەخش و بەئازار بێت.

ســەرەڕای ئەمــەش زۆربــەی ئەوانــەی کــە لــەبواری بانگخوازیدا کاردەکەن سادەیی و دڵباشی بەسـەریاندا زاڵ بووە. بەڕادەیەك کە گەیشتووەتە ئاستی بێئاگـایی، بۆیـە بەئاسانی ریزەکانیان تێکدەشکێنرێت لەلایەن شەڕخوازان و خراپەکارانــەوە دزەدەکرێتــە ناویانــەوە و، پاڵیــان پێــوەدەنێن بــەرەو گێلییــەکی تــەواو و سەرکێشــیەکی فەوتێنەر کە دەبێتە مایەی ئازار بۆ خۆیان و خـەڵکی و... وا لەخەڵکی دەکەن کە ڕقیـان لـە ئیسـلام ببێتـەوە و بێـز لـەوانیش بکەنـەوە و بەدەسـتێکی مەترسـیداریان بـزانن، لەوانەیە گەورەترین مەیدان کە نـەفامی و گێلێتـی ئـەوانی تێـدا دەربکـەوێت بـواری ڕامیـاری بێـت. لـەو مەیدانەشـدا هـەوڵ و تێکۆشـان و قوربانیـدانیان زۆرە، بگـرە بوونەتـە یەکـەم قوربـانی و بـاجێکی زۆریـان لەپێناویـدا داوە، نـەك هـەر ئـەوان، بـەڵکو خـەڵك و وڵاتـیش بەهایـەکی گرانیـان لەپێناویدا داوە کە ئەمەش مەترسیدارتر و ئابڕووبەرترە.

گومانی تێدانییە کە ناکرێت دیاردەی لەم جۆرە بدرێتە پـاڵ یـەك فاکتـەر، بـەڵکو بـۆ کۆمـەڵێك هۆکـاری ئـاڵۆز و بەیەکداچــوو و جیاجیــا دەگەڕێتــەوە، کــە هەنــدێکیان

ڕاستەوخۆن و هەندێکی تریان ناڕاستەوخۆن، هەیە کە سادەیی و بێ ئاگایی تێدایە و هەشیانە پەلەپەلی و سەرپێیی پێوە دیارە... هەیانە ئاسان تێوە دەگلێن و دزە دەکرێتە نێوانیانەوە و هەیانە نەفامن بەیاساکانی پەروەردگار و سوننەتەکانی. هەشیانە تەماعکارن و ئارەزووەکانیان داوای دەستکەوت و دەسەڵات و تۆڵەسەندنەوەیان لێ دەکات. هۆکاری تریش هەیە کە پەیوەندییان هەیە بەتوانای خەڵك لەسەر تێگەیشتن و لەخۆگرتن. هەشە پەیوەندی هەیە بە سروشتی ئەو بارودۆخەوە کە گەل و نەتەوەی پێدا تێپەڕدەبێت، ئەوەش دۆخێکی مەترسیدار و ناڕەحەتە کە دەرئەنجام پەرچەکرداری (نەرێنی) خۆی هەیە لەسەر هەموو بوارەکان لەو بوارانەش بانگەوازی ئیسلامی.

ئەگەر ئاوابێت پێویستە لەسەرمان لەڕوانگەی دەستنیشانکردنی ئەم دیاردە مەترسیدارە بڕیاربدەین، کە بە پێشکەشکردنی یەك چارەسەر چارەناکرێت، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی تەواوکار و ژمارەیەکی تەواوی لە چارەسەر دەوێت کە پشتیوانی یەکتر بن و هەریەکەیان ئەوی تریان بەهێز بکات.

## خاڵی دەستپێك:

لەوانەیە لەناو ئەو چارەسەرانەدا ئەو چارەسەرەی کە پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت و گرنگییەکی تایبەتی هەبێت بریتی بێت لە ڕاستکردنەوەی ڕێسا گشتییەکانی کارگوزارانی بواری بانگەوازی ئیسلامی، لەبەرئەوەی ڕێساکان تا سنوورێکی گەورە کۆنترۆڵی ڕا و بۆچوون و تەصەوری گشتی مرۆڤ و بیرکردنەوەی ڕێگاکانی دادوەری و هۆکاری کار و ئەنجامدانی کارەکانی دەکەن و، ئەوەی ناسراوە و بڕیاردراوە و بەڵگەنەویستە و خەڵکی لەسەری هاوڕان ئەوەیە کە بۆچوونی هەڵە دەتگەیەنێت بە ڕەفتاری هەڵە و بۆچوونی ڕاستیش دەتگەیەنێت بە ڕەفتاری دروست.

لەسەرەتاوە هیچ کەس بۆی نییە بڵێت کە تەنها بەڕاستکردنەوەی ڕێساکان بەسەر ئەم دیاردەیەدا زاڵ دەبین، بەڵام دەکرێت بڵێین تا ڕادەیەکی گەورە باری سووك دەبێت.

ئەم بێدارییە پێویستییەکی زۆری بەئاڕاستەکردن و ئامۆژگاری کردن و پێداچوونەوە هەیە، چونکە کاری مرۆڤە و هەڵە و ڕاست هەڵدەگرێت. لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئەم بێدارییە لە دەرەوە هەڕەشەلێکراو بێت لە هەمانکاتدا لەناوەوەش هەڕەشەی لەسەربێت، هەڕەشەی ناوەوەش بەردەوام مەترسیدارترە و زۆرتریش

پڕوکێنـــەرە. ئەگـــەر هەڕەشـــەی دەرەوە لـــە دوژمنـــانی ئیسلامەوە بێت بە هەموو شێوەکانییەوە ئـەوا هەڕەشـەی ناوەوە لەناوخۆی بێدارییەکەدایە بەهۆی تێگەشتنی هەڵـە و ئەقڵی خواروخێچ، یان هەوەسـێکی دەروونـی نادروسـت یان ئەو پەلەکردنەیە کە لەگـەڵ سروشـتی شـتەکاندا یـەك ناکەوێت، یان لە لایەنێکی میسالی دوور لـە واقیعەوەیـە... هتد.

لێـــرەوە پێویســـتیی ئامـــادەکردنی پەیماننامەیـــەکی شەرەف دێتـە پێشـەوە بـۆ ئەوانـەی لەڕێگـەی بانگـەوازی ئیســـلامیدا کاردەکـــەن و، کۆمەڵـــە ڕێســـایەکی بنـــەڕەتی لەخۆدەگرێت کـە دەکرێـت لـەو کۆمەڵـە ڕێسـایەدا بەشـی هەمووانی تێدا بێت یـان زۆرتـرین ژمـارە بگرێتـەخۆ. ئـەم بەڵێننامەیە ڕەهەنـدی ڕێگایـەکی فـراوان و هاوبـەش وێنـا دەکات کە جێی هەموو ژیرەکـان و خەڵکە پەرۆشـەکانە و ڕێگـەش دەدات ژمارەیـەك لـە خـاوەن جـۆرە جیـاواز و تایبەتـەکانی بانگـەواز لـەناو چوارچـێوەیەکی هاوبەشـدا کۆبکاتـــەوە، چـــونکە ناکرێـــت خـــەڵکی کۆپییـــەکی دووبارەکراوەی لەیەکچوو بن لە هەموو شتێکدا و، دەکرێت لە چوارچێوەیەکدا دروشمی هـەموو ڕەنگـەکانی بەسـەردا داببڕێت.

جـا بەمەبەسـتی بـەدیهێنانی ئـەو ئامانجانـە و لـەپێناو هەسـتکردن بـە ئەمانـەتی بەرپرسـیارێتی و هەسـتان بـە

ئـەرکی ئامۆژگـاری و ڕاسـتکردنەوە و نوێگـەری پێمـان خۆشە کە ئەم ڕێسا بنەڕەتییانـە پێشکەش بکـەین. لـەو بڕوایەداین کە بەسوود وەرگرتن و هۆشیاربوون لێی چـەند هەنگاوێکی گرنگ پاڵ دەنێین بە بێداریی ئیسلامیەوە بـۆ پێشـەوە و بەرهەمەکـەی لەسـەر خێرێـك پێـدەگات کـە چاوەڕوانی لێ دەکرێت.

ئـەوەی شـیاوی وەبیرهێنانەوەیـە ئەوەیـە کـە: ئـەم ڕێسـایانە دەرئـەنجامی تێکۆشـان و ناسـۆر و تێڕامـان و پێداچـوونەوە و خوێندنـەوە و چـاودێری بـەردەوام و درێژخایـەن و دوورن لەهەڵـە و ڕاسـتەکانی کـاری بـانگخوازیی، لەوێـدا داڕشـتنەکەی تـەواو بـووە و لەسەرەتایشـەوە، لەوێـدا واتـا و مانـای وەرگرتـووە یـان وشـەکەی لێـرە و لـەوێ پەیـدابووە تـاوەکو قەناعـەت دەستکەوێت پێی.

**ئامانجەکانی بەڵێننامەکە:** ئـەم بەڵێننامەیـە ئامـانجی ئەوەیە کـە کۆمەڵـە ڕێسـایەك دیـاری بکـات کـە هـەموان پێکهـاتبن لەسـەری و جێـی پەسـەندکردن و ڕێـز بێـت لەلایان، ئەگەر ئەوە تەواو ببێت دەستکەوتەکانی زۆردەبن بۆ هەموان، دیارترینیان:

- بڵاوکردنەوەی گیانی خۆشەویستی و متمانە بەیـەکتری کردن لە ناو بانگخوازاندا.

- نزیککردنـەوەی کـاری فـەرمی و جـەماوەری لـە کـاری بانگخوازیدا.
- کەمکردنـەوەی مـەودای هەڵـە و نـاکۆکی و زیـادکردنی مەودای پێکهاتن و ڕاستی.
- هاندانی گیانی ڕەخنەی بنیاتنەر و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە و تێڕوانین.
- پێشبینی ئاسۆی داهێنان و تازەگەری و هاوکاری.
- پێکهـاتن و ڕێککـەوتن لەسـەر خاڵـە هاوبەشـەکان و لێخۆشبوونیش لەسەر ئەو شتانەی ناکۆکین لەسەری.
- دەرچوون لەئەڵقەی بێکاری و سـەرقاڵبوون بـە بازنـەی کارایبوونەوە.

ئەگـەر بمانـەوێت ئامانجـەکانی ئـەم پەیماننامەیـە لەدەسـتەواژەیەکی کورتـدا دەربـڕین، دەکرێـت بڵـێین: ((ڕاسـتکردنەوەی ڕێبـازی کـاری بـانگخوازی و نزیککردنـەوەی ڕۆڵـەکانی لەیـەکتری و پێشـنیارکردنی ئاسۆی نوێیە بۆیان)).

ئەم بەڵێننامەیە ڕوودەکاتە هـەمووان، بـەڵام بەپلـەی یەکەم ئاڕاسـتەی بـۆ بـانگخوازان کـراوە، ئەوانـەی کـە لـە هەموو کەس شایستەترن سوودی لێ ببینن، هەر ئـەوانیش بـەتواناترن لەسـەر ڕاسـتکردنەوەی و زیـادکردنی خـاڵ و بنەمای نوێ و بەسود بۆی.

## خواست و ئاواتێکی جوامێرانە

ئەم بەڵێننامەیە کە لە قورئانی پیرۆز و سوونەتی پێغەمبەرەوە ρ سەرچاوەی گرتووە، کارنامەیەکە دوور لە زیادەڕەوی و شلگیری و، نوێنەرایەتی میانڕەوی دەکات، هەڵگری ڕەنگی حیزبێکی دیاریکراو یان گرووپێکی تایبەت یان کۆمەڵێکی دیاریکراو یان قوتابخانەیەکی بانگخوازیی یان ئجتیهادێکی فیقهی یاخود لایەنداری بۆ هەرێمێك نییە و، تەرویج بەهیچ یەکێك لەم لایەنانە نادات و لە غەیری خۆیشی کەم ناکاتەوە.

هیوای وایە کە ببێتە دەستوورێکی فیکری و سروشتی و پەروەردەیی و کرداریی بۆ بانگخوازان، ببێتە پەیماننامەی (فضول) متمانەی پێبکەن و بڕیاری لەسەر بدەن، شتی جۆریی بۆ زیادبکرێت، نەك شتی باو و ڕۆتین، جێی خۆی بگرێت لەتەنیشت هاوشێوەکانیدا لەزیادکردنی بنەمای نوێ و گرنگدا.

**ئەم بەڵێننامەیە ئاواتی ئەوەیە کە لابدات بەلای:**

- ئیسلامدا، کە ڕێبازی بەختەوەریمانە لە دنیا و دوارۆژدا.
- ئەو ئوممەتەی کە ئینتیمامان بۆی هەیە و شانازی دەکەین بەو ئینتیمایەوە و سەربەرزین پێی.

- کاری بانگخوازانـەوە، کـە بەشـەرەفمەندانەترین ئەرکـە لەژیانـدا و، هـەروەکو ئـەرکی پێغەمبـەران و نێردراوانـی خودایە.
- لـەو نیشـتمانەدا کـە ئـەو ئـایین و کەلـەپوور و ئـەو بەندانەی گرتۆتە باوەش لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا.
- ئەو نەوەیەی کە دێنە مەیـدان لـە بـانگخوازان، تـاوەکو زۆرتر ڕاستییان لابێت و، هەڵەی کەمتریشیان تووش بێت.

لەبەرئـەوە ئـەم بەڵێننامەیـە زۆر سـوورە کـە بەوپـەڕی بەبابەتیبوونـەوە پـاکی و بێلایـەنی و ڕۆشـنی و شـێوازی زانسـتی و هاوسـەنگی بپـارێزێ، بـەگیانێکی ئـەدەبی بـەرزەوە کـە بـەزمانی پـاك وەسـف بکرێـت، بەڕادەیـەك خوێندەوار هەست بکـات کـە لەپشـت ئـەم بەڵێننامەیـەوە ڕاستەقینەیەك هەیە، نەك خۆنواندن، کە بەگیانێکی پڕ لـە باشـە و ئاسـۆی پـان و بەرینـەوە و بەسـنگێکی فـراوان و حـەزێکی دروسـت و جدییـەوە دەردەکـەوێت لـەپێناو خزمەتکردنی کاری بانگخوازیدا.

لەپاشان:

هیوادارم کە ئەم بەڵێننامەیە ڕووناکییـەکی ڕێنماییکـار بێـت بـۆ بـانگخوازان و لەسـەری یـەك بگـرن و، بەهەناسـەیەکی ڕاسـتبێژی و شـەرەفمەندانەوە ستایشـی بکەن کە هاندەرەکەشی خودی و ئارەزوومەندانە بێت.

لێرەوە ناونانی بە (بەڵێننامەی شەرەفی بانگخوازی) هاتە کایەوە، چونکە لەکۆتاییدا کۆبوونەوە لەسەری بەرهەمی پێشنیارێکی ئازادانە و ئیلتزامێکی زاتی و ئیرادەیەکی شەرەفمەندانە و متمانەیەکی چەسپاو و سەرسوڕمانە بەوەی کە لە دووتوێیدا دەیگرێتەوە.

ئومێدم وایە ئەم بەڵێننامەیە لەلایەن بانگخوازە بەتوانا و بەغیرەتەکانەوە بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی ڕاست و دروستەوە.

بەئامانجی سوودوەرگرتن لە ڕاستییەکانی و ئاگاداربوونەوە لە هەڵەکانی و پێشنیارکردنی ڕێسای تازە بۆی، بۆئەوەی هەر کۆپیەکی کە تایپ دەکرێت لەوەی پێشووتری باشتربێت.

سا پەروەردگارا سەرکەوتوومان بکەیت لەسەر ئەوەی پێی ڕازیت و بەکارمان بهێنیت لە خێردا و نیەتێکی دڵسۆزانەمان پێ ببەخشەیت لەگەڵ ڕاستیدا.. سوپاس بۆ تۆ تا ڕازی دەبیت، سوپاس بۆ تۆ کە ڕازیش دەبیت و، سوپاس بۆ تۆ دوای ڕازی بوونیشت.

دروود بۆ گیانی سەردارمان پێغەمبەر (د.خ) و یار و یاوەران و کەسوکاری.

**هیشام تالیب**

**١٤٣٠ك – ٢٠٠٩ز**

# ڕێساکانی بەڵێننامەکە

## ١- بەتەواوی یەکتاپەرستی:

باوەڕمان بە خوای تاك و تەنهایە کە بەدیهێنەر و فرمانڕەوای ئەم بوونەوەرەیە، تەنهایە، حەقە، هەر ئەو شایستەی پەرستنە، خاوەنی سیفاتی جەلال و کەمال و جەمالە، پاکژە و دوورە لە هەموو کەم و کورتییەك، خۆشمان دەوێت و بەتاك و تەنهای دەناسین، بەمەزنی دەگرین لێی دەترسین و تکای لێ دەکەین و، هەموو موسوڵمانان بەگشتی و، بەتایبەتی بانگخوازانیش بانگهێشت دەکەین بۆ پەرستنی و لە بەراییدا ڕەها دەدەین بە مەسەلەی بیروباوەڕ لە ڕووی تێگەیشتن و هەست و ڕەفتارەوە.

بیروباوەڕ بنچینەی یەکەم و هەرە گەورەی هەموو مەسەلەکانی (دین)ە بەباوان و لقەوە، ئەو ئەصلەیە کە بە بەردەوامی هاودەمی مەسەلەکانە هەروەکو چۆن هاوڕێ و هاودەمی ژیانی موسوڵمانانە لە هەموو شتێکدا.

بیروباوەڕ مەسەلەیەك نییە موسوڵمانان لەناو پەڕاوێکدا بیخوێننەوە و دوایی دایبخەن و بچنە سەر بابەتێکی تر،

بـەڵكو بابـەتی یەكەمـە كـە موسـوڵمان بـە بـەردەوامی دەیخوێنێت و لەتەكیدا دەژی و بابەتەكانی تریش كە ماوە دەیخوێنێتەوە.

بیروباوەڕ حاڵەتێكی ویـژدانی و فكـیری و ڕەفتارییەكـە بەردەوام لەگەڵ موسـوڵماندا دەژی و كاریگـەری گـەورەی لەسـەر ژیـانی هەیـە تـاوەكو دەمرێـت، ئەمـەش ئـەوە دەخوازێـت كـە موسـوڵمان باسـی قـووڵ و ورد و هەمەلایەنـەی پێداویسـتییەكانی بیروباوەڕەكـەی خـۆی بزانێت و بناسێت، كەگرنگترینیان ناسینی خودایە بەتاك و تـەنهایی و پەرسـتنی و جێبـەجێكردنی فەرمانـەكانێتی. هـەروەها پێویسـتە موسـوڵمان شـارەزای هـەموو ئـەو هۆكارانەبینێت كـە پایـەی بیروبـاوەڕ هەڵدەوەشـێننەوە و لەبازنەی دینداری دەیكەنە دەرەوە، جا هەموو دیـن بێـت یان بەشێكی.

ئـەوەی مایـەی سەرسـوڕمانە ئەوەیـە كـە منـداڵانی موسـوڵمانان ئـەو هۆكـار و بابەتانـەی كـە نوێـژ بـەتاڵ دەكەنـەوە لەبـەری دەكـەن.. بـەڵام ئـەو هۆكارانـەی كـە بیروباوەڕ هەڵدەوەشێننەوە لەبەر ناكەن، بێگومان هـەموو ئەوانەش پێویست و خوازراون، بەڵام چ جیاوازییـەك هەیـە لە نێوان ئەمان و ئەواندا.

لەلایەکی ترەوە دەبێت ئاگاداربین لەوەی کە مەسەلەی بیروبـاوەڕ لــە یەکتاپەرســتییەوە بگۆڕدرێــت بــۆ تــەنها لەبەرکردنێکی وشك و ئالی و وابزانین کە تەنها بـەوەی کـە لەبەریدەکەین لەسەر ڕێگـای هیدایـەتین و بەمـەش گیـانی لەخۆباییبوون و خۆبەزلزانین لە دەروونماندا بڵاوببێتەوە و مامەڵــەکردنمان لەگــەڵ غــەیری خۆمــان بــەزبری و خۆبــەزلزانین بێــت. متمانــەکردن بــە هەڵوێســتەکانیان خوازراو و شیرینە، بەڵام دەبێت نزیك بکرێتەوە لە سـۆزی خۆشەویسـتی و باشـە بەرامبـەر بـە خـەڵکانی تـر بـەوە دەبینە بانگخوازی شیرین و خۆشەویست نەك بێزراو.

بەسـۆز و بـەزەیی نـەك ڕەق و زبـری، یەکتاپەرسـتی لەژیانمانـدا بـە باشـترین شـێوە دەبێـت لـەڕووی عـەقڵی و ویژدانی و ڕەفتارییەوە.

## ٢- ئیسلام ئایینی خودایە:

باوەڕمان وایە کە ئیسلام ئایین و یاسای خودای تـاك و تەنهایـە و، هەمیشــە زینــدوو و پــارێزراو و دروســتە و دوا ئـایینی خودایـە لەسـەر زەویـدا. لای ئێمـەی موسـوڵمانان مەبەست و پرسە، شوناس و چارەسەرە، ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشـە، ڕێبـازی بەختەوەریمانـە لـەدنیا و دواڕۆژدا،

بەرنامەی ژیانمانە کە خـودا بڕیـاری داوە بۆمـان، بـاوەڕی پـــێ دەهێـــنین و خۆشەویســـتە لامـــان و لـــە پێناویـــدا تێدەکۆشـــین و هـــەر چـــییەك بـــەنرخ و گـــران بـــەها و خۆشەویستە لە پێناویدا دەیبەخشین.

## ٣- گەڕانەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەکەی:

لەبەرئەوەی کە خێرمـان بـۆ تـەواوی مرۆڤایـەتی دەوێـت، لەبەرئەوەیش کە ڕاسپێردراوین بۆ بانگکردنیان بـۆ بەرنامـەی خـودا، داوایـان لێدەکـەین کـە بـەدڵێکی کـراوە و ئـاوەزێکی دادپەروەرانـەوە ئیسـلام بناسـن و شـارەزاییبن لەسەرچـاوە ڕەسـەنەکەیەوە. متمانـەمان هەیـە کـە هیدایـەت وەردەگـرن دوای سەرلێشـــێواوی و، بەحـــەق دەگـــەن دوای ناحـــەقی و بـەئارامی و هێمنـی دەگـەن دوای دوودڵـی و دڵـەڕاوکێ، لـە ئیسـلامدا چارەسـەر بـۆ هـەموو مەسـەلەکان دەدۆزینـەوە و وەڵامی هەموو پرسیارەکانیش دەست دەکەون.

## ٤- یەکەم ڕاگەیاندنی گشتی مافەکانی مرۆڤ:

باوەڕمان وایە کـە ئیسـلام یەکـەم ڕاگەیانـدنی جیهـانی تەواوی مافەکانی مرۆڤە، ئەو ئاینەیە کـە مـافی تـەواو بـۆ مرۆڤەکان دابین دەکات لـە ڕووی سەربەسـتی بیروبـاوەڕ و کەرامەتی مرۆڤایەتییەوە. جگە لەفێربوون و هاوسەرگیری

و ئاسایيش و ئارامی و دادپەروەری و موڵك و خاوەنداریێتی...هتد

دەستپێکی ئیسلام لەوەدا بەرزڕاگرتنی بەهای مرۆڤەکانە. مرۆڤ بەڕێزترین مەخلوقی خودای مەزنە و جێنشینی ئەوە لەسەر زەویدا و هەرچی لەم سەر زەوییەدا هەیە بۆ مرۆڤ دەستەبەر کراوە.

## ٥- مرۆڤەکان لە یەك خێزانن:

باوەڕمان وایە کە سەرجەم مرۆڤەکانی سەرزەوی سەربەیەك خێزانن و برایەتی کۆیان دەکاتەوە، خالقیان تەنها خودایە و باوکیان ئادەم و دایکیان حەوایە، لە گڵی ئەم سەر زەوییە دروست کراون و دەگەڕێنەوە بۆ گڵ، لەبەرئەوە داوا لە هەموو موسوڵمانان و غەیری موسوڵمان دەکەین بۆ هاوکاری کردنی یەکتری لەشتە هاوبەشەکاندا کە لەبەرژەوەندی هەموانە.

لەوانە: بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش، بڵاوکردنەوەی ئازادی و سەربەستی، بەرجەستەکردنی دادپەروەری و نەهێشتنی تاوان، بڵاوکردنەوەی زانست، چاودێری منداڵان، خزمەتکردنی پیر و پەککەوتووان، باش مامەڵەکردن لەگەڵ دراوسێ، پاراستنی ژینگە و ڕێزگرتن لەبەڵێن و پەیمان.

## ٦- پاراستنی خێزان:

هاوســەرگیری لــەنێوان نێــر و مێــدا تاکــە ڕێگەیــەکی دروست و شەرعی یە بۆ پێکهێنانی خێزان، کە گرنگترین و یەکەم دایەنگەی پەروەردەکردنە و بنچینەیەکی سـەرەکی و گەورەیە لەنەتەوەدا، خێزان لانکەی سروشتی خۆڕسکی منداڵان و مێرمنداڵانە، کـە بەرپرسـیارێتی بـەڕێوەبردنیان دەکەوێتە ئەستۆی باوك و دایك پێکەوە. بۆیە داوامان وایە پارێزگاری و پاسەوانی بکرێت و بەهاکەی بەرز ڕابگیرێت و کەرەســتەی پێویســت بــۆ سەرخســتنی ئامــادە بکرێــت. هــەروەك بەهــەموو توانامانــەوە دژی ئــەو هەوڵــە زۆر و بەردەوامانـــە ڕادەوەســـتین کـــە دەیانـــەوێت خێـــزان هەڵوەشێننەوە یان لە بەهای کەم بکەنەوە.

## ٧- ئاڵوگۆڕی ئاشتییانە:

پێویســـتە بــانگخوازان بگەنــە میکــانزمێکی ژیرانــە و ڕاشکاوانە و یەکلاکەرەوە کە هەموویان پێوەی پابەنـدبن، بەمەرجێك ئەو میکانیزمە ئـاڵوگۆڕی بەرپرسـیارێتییان بـۆ ڕێکبخـات لـەناو دەزگـا بانگخوازییەکانـدا زۆر بـەڕەوانی و ڕازیبـــوون و ئاشـــتییانە و پێخـــۆش بوونـــەوە. بـــەوەش قۆرخکردنی بەرپرسیارێتی و سەرپەرشتیکردن نامێنێت و،

دابەشبوون و فیتنە و ئاشووب لەناودەچێت و، بەسەر چەقبەستوویی و لاوازیدا زاڵ دەبین.

بواریش بۆ تازەگەری و داهێنان دەڕەخسێت.. لەلایەکی ترەوە بواری بەیەك گەیشتنی نەوەکان زۆر دەبێت. یارمەتی ژمارەیەکی زۆر دەدات بۆ مەشقکردن لەسەر کاری سەرکردەیی و قووڵکردنەوەی گیانی گرووپ و دەستە و، ڕێزگرتن لەکاری دەزگاکانیش دووپات دەکرێتەوە.

## ٨- ڕێسایەکی ڕۆشن:

خێر و برایەتی و هاوکاریمان پێخۆشە لەگەڵ هەمووان و پۆزشیش دێنینەوە بۆ ئەوانەی کە پێچەوانەمانن، بەپێی ئەو ڕێسا ڕۆشنکەرەوە بەناوبانگەی مامۆستا (محمد رشید رضا) ڕەحمەتی خودای لێبێت، کە دەڵێت: ((هاوکاری دەکەین لەسەر شتێك کە پێك هاتووین لەسەری و پۆزشیش دێنینەوە بۆ یەکتری لەوەدا کە ناکۆکین)).

## ٩- ڕاوێژکردن:

بانگەشە بۆ شورایی بوون دەکەین و، هەمووان بۆ بیرکردنەوە و داهێنان هاندەدەین، هەروەها ڕێز لە بیروڕای جیاواز دەگرین. بێگومان هەموو مرۆڤێك مافی

بیرکردنــەوە و ڕادەربڕینــی هەیــە بەمــەرجێك لەدواییــدا هەموو پابەندبین بەو بڕیارەی کە دراوە، مادام پێچەوانەی بنەما گشتی و ڕاشکاوەکانی شەریعەت نەبێت، بـۆ ئـەوەی بڕیارەکە دروست بێت یان نزیکتر بێت لە دروسـت دەبێـت تەنها لە مەرجەعیەتێکەوە وەرگیرابێـت کـە جێـی متمانـە بێـت. ئەمـەش ئـەوە دەخوازێـت کـە زانیـاری پێویسـت و تــەواو لەبەردەمــدابێت، هــەروەها پێویســتی بەوەیــە کــە تــاوتوێکردنێکی ڕاســتگۆیانە و بابەتییانــە و ئــەمینی بــۆ بکرێت.

### ١٠- یەك مەرجەعییەت:

پێویستە زۆر وریابین لەوەی کـە کـاری بـانگخوازی دوو مەرجەعییـەتی هـەبێت یـەکێکیان دیـار و ئاشـکرا و ڕۆڵـی شـکڵی بگێڕێـت و تـەنها ڕووکـەش بێـت، ئـەوی تریشـیان نادیار و شاراوەبێت ڕۆڵی ڕاستەقینەی هەبێت و چی بوێت بـەوی تریـانی بکـات. یـان ئـەوەی کـە ئاشـکرا و دیـارە وێنایەکی هەبێت شاراوەکەش بڕیـاردەر بێـت بـەئارەزووی خۆی چی بوێت بەوەی تری بکات. یان تووشی هەڵوێستی وەهای بکات ناچاربێت بەویسـتی ڕووە نادیارەکـەی بڕیـار دەربکات. ئەمەش گزیکردن و بوختانە و پێچەوانەی بنەما ڕاشکاوەکانی کاری بانگخوازیە بەتایبەتی بنەمای شورا...

بگـــــره ئــــــەوە دیکتاتۆرییــــــەتێکی ڕاســــــتەقینەیە. دیکتاتۆریەتیش لە کاروباری دینداریدا خـراپترە لـە کـاری دنیایی، چونکە دەمامکی ئاینی ساختەی پۆشیوە لەسەر ئەوەی کە دەیەوێت. لـە سـیفاتی ئـەم ڕەفتـارە قێزەونـە ئەوەیـە کـە وادەکـات مەرجەعیەتـە شـاراوەکە بەخۆبـەزل زانین و بێزلێهاتنەوەوە لە مەرجەعیەتە دیارەکە بڕوانێت.. هەروەها وەهایش لە مەرجەعیەتە دیارەکە دەکات کـە بـە ڕق و کینــەوە لــە مەرجەعیەتــە شــاراوەکە بڕوانێــت و بەردەوام لەسەنگەردا بێت بۆی، هەروەها هەوڵ دەدات کە لاواز و بێهێز بێت لەبەردەم لایەنگرانیدا.. هەموو ئەمانەش دوژمنایەتی و ڕق  و قینە دەهێننە کایەوە و دەبنە مایەی شکستهێنان و شەرمەزاری. هەر کارێکی بـانگخوازیش کـە ئەو دوو مەرجەعیەتەی هەبوو بێت بـاجێکی قورسـی داوە بەو هۆیەوە.

**١١- کاری دامەزراوەیی:**

باوەڕمان بەکاری دامەزراوەیی و کۆمەڵ و ڕێکخراوەیی هەیە، کە:

**یەکەم:** ڕێز لە ڕەوشتی ئیسلامی بگرێت.

**دووەم:** پابەنـدبێت بـە سیسـتەم و کارنامەکەیـەوە. دڵنیـاین لـەوەی کـە لـە کۆتاییـدا کـاری دامــەزراوەیی

بەکــەڵکترە بــۆ هــەمووان و بەردەوامتریشــە لــە کــاری تاکەکەسی، خێر لەهەمووشیدا هەیە و دڵنیـاین کـە کـاری دامـەزراوەیی بـەتواناتر و لێهـاتووترە بـۆ پێداچـوونەوە و ڕاستکردنەوە و هەڵسـەنگاندن و تازەگـەری و، لەکۆتاییـدا کـاری تاکەکەســی هــەر لەبــەین دەچــێت، بــەڵام کــاری دامــــــەزراوەیی دوای خەڵکــــــەکانیش بەبــــــەردەوامی دەمێنێتەوە.

## ١٢- گیانی دەستەجەمعی:

سـوورین لەسـەر چەسـپاندن و ڕیشـەیی کردنـی کـاری دەستەجەمعی لە نێوان کارگوزارانی بواری بانگخوازیـدا و، قووڵکردنەوەی پرەنسیپی کاری هاوبەش لەنێوانیاندا.

لەوانــە ڕێزگــرتن لەپێشــینەکان و هانــدانیان بــۆ بەیــەك گەیانـدنی نـەوەکان بەیـەکتری، بەشـێوەیەك کـە سـوود لـە دانــایی پیرەکانمــان وەربگــرین و خێــریش لــە پەرۆشــی لاوەکانمــان ببیــنین، هــەروەها هەوڵــدان بــۆ پێشخســتنی بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی تایبەتیدا و پێکهـاتن لەسەر ڕێگەی شـەرعی و شارسـتانی بۆ نەهێشـتنی گرفـت و ناکۆکی پێش ڕوودانی و دوای ڕوودانیشی بەباشـترین ڕێگـە و ئامراز، هەروەها بڵاوکردنـەوەی گیـانی دادپـەروەری لـەنێوان کارگوزاراندا لەبواری دارایی و ئیداریدا.

## ١٣- گرنگیدان بە هەڵکەوتووان:

باوەڕمان بەوەیە کە تەرکیز بخەینە سەر بەهرەمەندان و هەڵکەوتووان لەناو قوتابیاندا، چونکە ئەوان پێشەنگی تازەگەری و پەرەپێدان و بیرکردنەوەن و لە بەدیلە بەسوودەکان و دەست پێشخەرییەکانی داهاتوون.

## ١٤- نموونەیەك چاوی لێ بکرێت:

پێویستە هەموو دامەزراوە بانگخوازییەکان بە بنەما و بەرنامە و پلان و ڕەوشتەکانیانەوە ببنە نموونەیەکی بەرچاو بۆ کاری بانگخوازی سەرکەوتوو. ئەگەر کەسانی تر بینییانن ئەوا جێی سەرسوڕمانیان بن و کار بۆ چاولێکردن و لاسایکردنەوەیان بکەن.

## ١٥- نوێبوونەوەی هۆشیارانە:

باوەڕی تەواومان هەیە بە گرنگیی نوێبوونەوەی بەردەوام و ڕێزگرتن لە نەگۆڕەکان کە ناکرێت دەستیان بۆ ببرێت، بەوەش مەبدەئی کۆکردنەوەی کۆنی صالح و نوێی بەسوود جێبەجێ دەکرێت. هەروەها بەیەکگەیشتن لەگەڵ هاوچەرخی و ناسینی کێشەکانی جێبەجێ دەبێت، ئەوەش زیندوێتیمان پێدەبەخشێت و لە چەقبەستوویی و لاوازی و کەنارگیری دەمان پارێزێت.

### ١٦- خود كەفايى:

بانگهێشت دەكەین بۆ جێبەجێكردن و گەیشتن بە خود كـەفایی و پشـت بەسـتن بـە توانـا تایبەتییـەكان.. هــەر چـــەندێك بۆمـــان بكرێـــت. چـــونكە بەخشـــین و خێـــر سەرچاوەیەكی بەردەوام و جێگیر و زامنی نییە، گرنگترین ئـــامرازی ئـــەوەش دامەزرانـــدنی دەزگـــا وەقفییـــە گونجاوەكانە، بەپێی توانا و بارودۆخ و كات.

### ١٧- بێلایەنی یاسا گەردوونیەكان:

یاساكانی خودای مەزن. یاسـاگەلێكی بێلایـەنن و بـەدوای یەكدادێن و دوژمنایـەتی و دۆسـتایەتی هـیچ لایـەنێك ناكـەن، بەڵكو هەمووان لەبەردەمیاندا چوونیەكن ((كە ئەوەش لوتـف و میهرەبـــانی و دادپـــەروەری خودایـــە بەرامبـــەر تـــەواوی بەندەكانی))، هەركەسێك بـە ڕێكوپێكی مامەڵـەیان لەگەڵدا بكـات ســەركەوتوو دەبێــت، جـا هەركەسـێك بێــت. هــەر كەسێكیش بەخراپی مامەڵەیان لەگەڵدا بكات بێهیوا دەبێت.

ئەمــەش مانـای ئـەوە دەگەیـەنێت كـە خـودای مــەزن بەخۆڕایی و بەبێ هودە سـەركەوتن بـەهیچ تاكـە كـەس و كۆمەڵێك لە موسوڵمانان نابەخشێت، تـەنها لەبـەر ئـەوەی كـە موسـوڵمانن، بـەڵكو دەبێـت سـوود لــە هۆكارەكـان وەربگرن.

### ١٨- شادمانییەکی خوازراو:

شـادمانی و دڵخۆشـی لـە سـنووری ڕێ پێـدراودا لــە گرنگترین ئەو شـتانەن کـە پەیوەنـدی پێگەییشـتووان بـە کۆمەڵەکانیانـەوە بـەهێز دەکـات و، وایـان لێ دەکـات دڵسـۆزتر و بـەغیرەتتر بـن بـۆی و، باشـتر سـوود لـە بیروڕاکانیـان وەربگـرن. لەبەرئـەوە بانگـەوزا بـۆ ئەمـە دەکەین و، داوادەکەین کـە لـە هـەموو بۆنـە جیاوازەکانـدا گوزارشـت لـە شـادمانی و دڵخۆشـی بکرێـت. لەوانـەش جەژنەکان و سەرەتای ساڵی خوێندن و کۆتایی هـاتنی و، دەبێـت لـە پێناویـدا ئاهـەنگ و سـروود و کێبڕکێکـردن و چـالاکی وەرزشـەوانی سـازبکرێت و دیـاری و خـەڵات ببەخشرێت.

### ١٩- ئامانـج و ئامڕازەکان:

ئامانجـــە بنەڕەتییـــەکان نـــەگۆڕن و ئامانجـــە لاوەکییـەکانیش قۆناغبەنـدن، بـەڵام دەبێـت وەسـیلەکان تازە و گونجاو و پەرەپێدراوبن و دەبێت گۆڕانکارییان تێدا بەردەوام بێت و، سوود لە ئەزموونی موسوڵمانان و غەیری موسـوڵمانانیش وەربگیرێـت، چـونکە دانـایی نێچـیری ئیماندارانە، لە پاشان هەر ئامڕازێك لە ئامڕازەکانی کاری

بانگخوازی کە پەنای پێ دەبەین دەبێت بە پشتبەستن بە دوو بنەمای ڕێکخەر بێت:

**یەکەمیان:** دەبێت پێویستییەکی ڕاستەقینەت پێی هەبێت پێش دامەزراندنی.

**دووهەم:** دەبێت باشە و چاکەی زیاتر بێت لە خراپییەکەی دووای دامەزراندنی. ئەگەر وانەبوو نابێت بوونی هەبێت.

## ٢٠- ئیسلام و کاری ئیسلامی:

دەبێت ئیسلام وەکو ئایین لەگەڵ بانگەوازدا بۆ ئیسلام لێك جیابکرێتەوە، چونکە ئیسلام ئایینی خودای مەزنە ڕاست و زیندوو و نەمرە و بە هیچ شێوەیەك نارەوایی هەڵناگرێت، بەڵام کاری بانگخوازی هەوڵ و کۆششی مرۆڤەکانە و ڕاست و هەڵە دەگرێتە خۆی. ئایینی خودا پیرۆزە، بەڵام کارکردن لە پێناویدا پیرۆز نییە. پیرۆزی ئیسلام دانابڕڕێت بەسەر کاری ئیسلامیدا و بێ گوناهی پێنابەخشێت و، هەڵەکانی کاری ئیسلامیش دانابڕێت بەسەر ئایینی ئیسلامدا و لە ماهییەت و حەقیقەتی کەم ناکاتەوە.

## ٢١- باشترین بەرنامە:

باشترین بەرنامـەی بانگـەواز ئـەو شـێوەیەیە کـە هـەر لـە سـەرەتاوە بـەووردی و ڕوونـی و پێداگیرییـەوە پێناسـەی ڕاسـتەقینەکانی ئیسـلام و بەرنامەکـەی بکرێـت، بـەم شـێوەیەش ئـاوا لـە عـەقڵ و ویـژدانی ئەوانـەی وەریـدەگرن دەچەسـپێت و هیـوای وەڵامدانەوەشـیان زۆر دەبێـت بـۆی، لەبەرئـەوە پێویسـتە لەسـەرمان کـە لـە سـەرەتاوە خۆمـان لابـدەین لـە باسـکردنی گومانـەکان و بەرپەرچـدانەوە یـان باسی فیرقە و بیرۆکە و ئیجتیهادە جۆراوجۆرەکـان و، ئەگـەر وەڵامدانـەوەیان زەروور بـوو پێویسـتە تـا دەتوانرێـت زۆر بەکورتی وەڵام بدرێنەوە بەبێ شێواندنی ئەصڵی بەرنامەکە.

## ٢٢- نەخێر بۆ مشتومڕ:

بانگەشـەدەکەین بـۆ داخسـتنی دەرگـای پرسـیاری تیـۆریی و مشـتومڕی گریمانـاویی و نـەزۆك و لێـدوانی گومانـاوی و وتـەی شـاز و ئیجتیهـادە وازلێهێنراوەکـان، چونکە ئەوە کات و هەوڵ و مـاڵ بەفیڕۆدانـە و ڕاکردنیشـە لـە بەرپرسـیارێتییەك کـە دەبێـت پێـی لەئەسـتۆ بگـرین، هـەروەها لـە زۆر بارودۆخـدا دەبێتـە مایـەی ڕقهەڵسـان و لێکدوورکەوتنەوە و دژایەتی.

## ٢٣- پەیوەندی نێوان ڕێکخراوە ئیسلامییەکان:

ئەسڵ لە پەیوەندی نێوان ڕێکخراوە ئیسلامییەکاندا یەکتر تەواوکردنە، ئەگەر ئەوەش نەکرا ئەوا هاوکاریکردنە، خۆ ئەگەر ئەوەش نەبوو ڕێزلێگرتن و پێکەوە ژیانە. ئیتر دوای ئەوە فەوتان و بەفەتارەت چوونە.

## ٢٤- گرنگی لێپێچینەوە:

بنەمای لێپێچینەوە بنەمایەکی ڕەسەنی ئیسلامییە و شێوازێکی شارستانی بەرزە، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان سووربین لەسەری و بەردەوام کاری بۆ بکەین. ئەویش لەڕێی ڕاشکاوی و ئاشکراکردن و ڕەخنەلەخۆگرتن و پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی بەردەوامەوە، بەڕادەیەك کە ئەرێنیەکان بناسین و پارێزگاریان لێ بکەین و لێی زیادبکەین و، نەرێییەکانیش بناسین و وریان بین لێیان و خۆمانیان لێ ڕزگار بکەین، چونکە کارکردنی مرۆڤەکان ڕاست و هەڵە لە خۆدەگرێت.

## ٢٥- ڕێزگرتن له پسپۆڕی:

پێویسته له مەسەله شەرعییەکاندا پرسیار لـه زاناکـان بکـەین و، لـە کێشــە هونەرییەکانــدا بگەڕێینــەوە بـۆ لای خــەڵکانی شــارەزا. دەگونجێــت کەســێك لــەناو خەڵکیــدا بــانگخوازێکی ســەرکەتوو و بــەناوبانگ بێــت، بــەڵام ئــەو کەسـێك نییــە ئــەهلی فتــوادان بێــت و، پســپۆڕ نییــە لــە بوارێکی هونەری و تەکنیکی دیاریکراودا.

## ٢٦- گیانێکی ئەرێنی:

بانگهێشت دەکەین بـۆ تــەرکیز خسـتنه سـەر کـردەوە ئەرێنیی و مژدەبەخشەکان و کار ئاسـانکردن، هــەر وەکـو چۆن بانگەشه دەکەین بۆ دوورکەوتنــەوە لـه سـلبیەکان و ڕەشبینی و بێزار بوون و کارگرانکردن.

## ٢٧- ئارامییەکی خوازراو:

بانگەشە دەکەین بۆ ڕوو وەرگێڕان و وەرچەرخان لە هەڵچوون و خرۆشانەوە بۆ دانایی و، لە وروژاندنەوە بۆ هێمنی و، لە پشتگوێ خستنی کاروباری ژیانەوە بۆ لێهاتوویی لەناسینی و چارەسەر کردنیدا و بەشداریکردن لە پەرەپێدانیدا.

## ٢٨- ئایینێکی گشتگیر:

ئیسلام کۆتا ئایینی خودایە بۆ مرۆڤەکان، لەبەرئەوە بەرنامەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە و هەموو کاروبارەکانی ژیان ڕێك دەخات، لەسەر ئاستی تاك و کۆ و دەوڵەت. ئیسلام دین و دەوڵەت و قانونە، پەرستش و ئابووری و ڕەوشت و تەندروستیە و، پەیوەندی ناو خێزان و کۆمەڵگاکان و دەوڵەتەکانە و... هتد.

لەگەڵ مرۆڤەکاندا هاودەمە هەر لە لەدایکبوونیانەوە تاکو مردن و زیندووبوونەوەیان، لەبەرئەوە پێویستە بانگخوازان تەرکیز بخەنە سەر پرەنسیپی گشتگیری و هەمەلایەنی ئیسلام و، شانازی پێوە بکەن و، هەموو ئەو هەوڵانە ڕەت بکەنەوە کە تەنها لە درووشمەکانی پەرستندا کۆی دەکەنەوە، لە پێداویستی ئەوەش ئەوەیە

ڕۆنەچن لە باسە لاوەکی و فەرعیەکاندا لەسەر حیسابی بنەما و ئەصڵەکانی و توخمە گشتییەکانی.

خۆ ئەگەر پێویست بوو باس لە پرسێك یان بابەتێکی فەرعی بکرێت، ئەوا پێویستە لە جێگە و کات و بارودۆخی گونجاودا باس بکرێت.

## ٢٩- ئەدەبی گفتوگۆکردن:

بانگەشە بۆ فێربوونی ئەدەبی گفتوگۆ و هونەرەکانی دەکەین، چونکە گفتوگۆکردن لە گرنگترین ئامرازەکانی بانگەوازی سەرکەوتووە. گفتوگۆ کاری سەرکەوتوو، پارێزەرێکی سەرکەوتووە لەو پرس و کێشەیەدا کە بەرگری لێ دەکات و بانگەشەی بۆ دەکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

## ٣٠- ڕێگا و ڕێڕەوێکی هاوبەش:

ئەستەمە کە بانگخوازان یەك نموونە بن لە ئامانج و ئامراز و ئەولەویاتدا، دەبێت جیاوازی گەورە یان بچووك لەنێوانیاندا هەبێت. خۆ ئەگەر کەسێك لەو بارەیەوە چاوی پێدا بخشێنێت دەبینێت کە خاڵی هاوبەشی زۆریان هەیە لەگەڵ یەکتری لە بیروباوەڕ و پەرستشەکان و ڕەوشت و مامەڵەکانیان، بەڵام دوژمنایەتی –بە تۆز و خۆڵ و

کەللەڕەقی و هەوا و هەوەسی خۆیەوە– ئەو لایەنـەی بـزر دەکات، چونکە مەودای ڕووبـەری جیاوازییـەکان کـەڕەتی دە ئەوەنـدەی خـۆی بکـەین زۆر گـەورە دەردەکـەوێت و، ڕووبەری ڕێککەوتنیش دابەش بکەین بەسەر دە ئەوەندەی خۆیدا بچووك دەنوێنێت. لەبەر ئەوە دەکرێـت سـوور بـین لەسـەر ئـەوەی کـە لـەنێوان بانگخوازانـدا ڕێگایـەك هەیـە هاودەنگن لەسەری و زەمـەنێکی هاوبەشـیش هەیـە. ئـیتر ئـەرکی هەموانـە کـە بیناسـن و دڵخۆشـیش بـن پێـی و لەوێوە کاربکـەن و بـەهێمنی و بـەردەوامی فراوانـی بکـەن تاکو ئەگەر کرا زۆرترین ژمارە بگرێتەوە.

## ٣١- مەترسییەکانی نهێنیبوون:

بەجــدی و وریــایی دەدەن دەربــارەی مەســەلەکانی لێکدانەوە و نهێنیبوون و باطنییەت لە فیکری ئیسلامی و کاری ئیسلامیدا. دووپاتی دەکەینەوە کە ئیسلام ئایینێکی تەواو و ڕوونە و هەموو پرەنسیپ و بیرۆکەکانی ئاشکران و هــیچ نهێنییــەکی تێــدا نییــە و شــتی بــۆ زیــاد ناکرێــت. ئاشـکرابوونی بیروبـاوەڕ هێزێکـە بـۆی، چـونکە مـرۆڤ کـە شانازی بکات بە شـتێکەوە ئاشـکرای دەکـات، لـە پاشـان خـەڵکی بـە سروشـتی خۆیـان وەڵامـی ئـەو بیروباوەڕانـە دەدەنەوە کە ئاشکرا و ڕوونن و تێی دەگەن.

هەروەها بەفیترەتی خۆیان بێز لەو بیرۆکانە دەکەنەوە کـە تـەم و مـژاوی و نهێنــی و شـل و شـێوێنراون، هەڵـەی نهێنیبوون زیان بە خاوەنەکانی دەگەیەنێت زیـاتر لـەوەی زیان بە دوژمنەکانی بگەیەنێت. هەروەها نهێنیبـوونی وای لێ دەکات هاوسەنگی تێکبچێت، چونکە تـەم و مژاوییـە و لە تاریکیدایە و نابینرێت، بەپێچەوانەشەوە هەڵەی ئاشکرا و ڕوون دەبێت زوو فریای بکەویت و چارە بکرێت چـونکە ئاشکرایە و لە ڕووناکیدایە.

## ٣٢- یەکەیەکی بیر و فیکر:

لـە هۆکارەکـانی جیـاوازی نێـوان بـانگخوازانی ئیسـلام نەبوونی کەمترین سنووری هاوبەشـی یەکـەی فیکرییـە لـە نێوانیانـدا، لەبەرئەوەشــە لــە ئێســتا و داهاتووشــدا هــەر دەبێتە هۆکاری جیاوازی لە ئامانج و شێواز و ئەولەویاتدا. ئەمەش سەرەڕای لێك بێزاربوون، لەوانەشە ببێتە مایـەی ڕق و کینە. بۆیە پێویستە قووڵکردنەوەی یەکـەی فیکـری لـە نێـوان بانگخوازانـدا بـە گشـتی و، لاوان بـە تایبـەتی، بایەخێکی زۆری پێبدرێت، ئەویش بەوە دەبێت ڕۆشنبیری شەرعی، کە لە قورئـان و سـوننەتدا هەیـە، بڵاوببێتـەوە و گیـانی میـانڕەوی و هاوکـاری و لـە یـەکتری خۆشـبوون و

برایەتی و ئینصاف بەرامبەر بە یەکتری ڕەواجی پێبدرێت. جگـە لـەوەش لـۆژیکی ئەولـەویات و هونـەری گفتوگـۆ و ئەدەبی جیاوازی و دووپاتکردنەوەی هەمەلایەنی ئیسلام و توانای و بەکارهێنانی لـە هـەموو کـات و شـوێنێکدا لەبـەر چاو بگیرێت، ئەوەیش کە یارمەتیدەرە لەو بوارەدا، بـاش هەڵبـژاردنی کتێبەکانـە بـەجۆرێك گونجـابن لەگـەڵ ئـەو ئامانجـەدا و، بخرێنـە بـەردەم بـانگخوازان و لاوان و هـەر ناوە ناوەیەکیش پێداچوونەوەیان بـۆ بکرێـت بەتـەواوی، هـــەروەکو بەشـــەکانی ئـــەو بەرنامـــە بڕیاردراوانـــەی قوتابخانـــەکان پـــەیڕەوی دەکـــەن لـــە وەزارەتـــەکانی پەروەردە و فێرکردندا.

## ٣٣- ڕێزگرتن نەك پیرۆزڕاگرتن:

شتێکی سروشتییە، هەروەها خوازراوێکی بەسوودیشـە کە موسوڵمان سەرکردە بانگخوازەکەی خۆی، یـان زانـا و مامۆسـتاکەی کـە زانسـتی فێرکـردووە، یـان پێشـنوێژی مزگەوتەکەی خۆشبوێت، دەکرێـت منەتباریشـیان ببێـت، بەڵام نابێت ئەم خۆشەویستییە سنووری خۆی ببـەزێنێت. پەیڕەوانی ئایینەکانی پێشوو تووشی سەرلێشـێوان بـوون کاتێك کە زۆر ڕۆچوون و لە ڕادەبـەدەر پێیـان ڕاکێشـا لـە

بەگەورەگرتن و مەزنگرتنی پێغەمبەران و پیاوچاکانیان و، لەجیاتی خودا خۆشەویستی و دڵسۆزییان بۆ دەردەبڕین، تا لەکۆتایدا سەری کێشا بۆ هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان دوای یەکتاپەرستی.

لەو دەردە بڵاوانەی کە لەناو موسوڵمانانی سادە و بانگخوازیشدا هەیە ئەوەیە کە پەیوەندییان بە مەرجەعەکانیانەوە زۆر زیادەڕۆیی تێدا کراوە و، وایان لێ کردووە کە وەك پێوەرێك بێت بۆ جیاکردنەوەی حەق لە ناحەق و ڕاست لە هەڵە، وەك بڵێیت ئەوان پارێزرا و بێ گوناهن، ئەو ڕێسایەیان لە بیرچووەتەوە کە دەڵێت: (کەسەکان دەناسین بەو هەقەی کە پێیانە نەك هەق بناسین بەو کەسانەی کە هەڵیان گرتووە).

ئەو ڕۆچوونەش لە بەپیرۆز ڕاگرتنی مەرجەعیەتدا کە تاکو ئێستاش هۆیەك لە هۆیەکانی ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان موسوڵمانان، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ بڵاوبونەوەی ڕق و کینە لەناو گرووپە بانگخوازییەکاندا، چارەسەریشی هەر ئەوەیە کە خەڵکی مەرجەعەکانیان بە شێوەیەکی میانڕەوی خۆش بوێت و بەچاوێکی واقعیانەوە تەماشایان بکەن کە ئەوانیش مرۆڤن و قابیلی ڕاست و هەڵەن. ڕێز و خۆشەویستییان بۆ دەربڕن بە بەئەندازەی ئەوەی کە

هــەقیان پێیــە و هەوڵــدەدەن لــەپێناو چەســپاندنیدا، موسوڵمان قوتابی و شاگردی هەقە و، مەرجەع ئامڕازێکـە و نامێنێــت، بیروبــاوەڕیش ئامانجــە و هــەر ئــەویش دەمێنێتەوە و زیندووە..

## ٣٤- دەست پێکردن لەو شوێنەوە که کۆتایی هاتووە:

داوادەکـەین بـۆ بنیاتنـان لەسـەر ئـەزموونی پێشـین، چونکە هیچ ڕێکخراو و ناوەند و قوتابخانە و بانگخوازێك لە بۆشـاییەوە نـەهاتووە و دەسـتی پێنـەکردووە و یەکـەم کەسیش نین کە هەڵدەستن بە خزمەتکردنی دینی خـودا و دوا کەسیش نابن کە بەرگری لەو ئامانجـە بـەرز و بـەڕێزە دەکەن.

## ٣٥- یاسای پلە بەندی:

داوا دەکەین بۆ قووڵکردنەوەی یاسای پەرەپێدان نـەك بــازدان، پێگەیشــتوویی نــەك ســتەمکاری، دانــایی نــەك هەڵچوون، پلەبەندی نەك قەڵەمباز، هێمنی نەك پەلـەکردن و، کــاری لەســـەرخۆ و بـــەردەوام نـــەك کــاری خێــرا و چەقبەسـتوو. لـە فەرموودەیـەکی پـیرۆزدا هـاتووە ((إن المنبت لا أرضًا قطع و لا ظهرًا أبقى)).

هــەروەها لــە فەرموودەیــەكی تــردا هــاتووە ((أحــب الأعمال الى الله أدومها و إن قل)).

لە فەرموودەیەی سێهەمدا هاتووە ((ولـن یشـادَّ الـدینَ احدٌ إلا غَلَبه)). لێرەدا پێویستە لەسەرمان ئـەو حیكمەتـە بەنرخــە یــاد بهێنینــەوە كــە دەڵێــت ((بێگومــان زەمــان بەشێكە لە چارەسەر)).

## ٣٦- قۆناغبەندی:

باوەڕمان بە قۆناغبەندی هەیـە: بـەواتای دابەشـكردنی ئامانجـەكان بـۆ ئاسـت و پلـەكان بـەجۆرێك كـە خزمـەتی ئامانجــە گشــتیەكە بكــەن. بەشــێوەیەك یەكــەمیان ڕێ خۆشكەر بێت بۆ دووهەمیان و دووهەمیش لەسـەر یەكـەم بەند بێت... هتد. هەروەها ئەو ئامانجە زۆرتـر بخەینـەڕوو كە دەتوانین بەدی بهێنین و گونجاویشە لەگەڵ بارودۆخدا.

## ٣٧- دەزگاكانی ئیجتیهادی بەكۆمەڵ:

بـەقووڵی باوەڕمـان هەیـە و بـە بـەردەوامیش دووپـاتی دەكەینەوە كە ئاینی ئیسلام گونجاوە بـۆ هـەموو كـات و شوێنێك و بەتوانایە لە چارەسەركردنی كێشە نوێ و تـازە پەیـدابووەكان. بـانگی زانـا و فەقیهـەكانی دەكـەین بـۆ پێشكەشــكردن ئــەو چارەســەرەرانە و پێشــوازی لــە

دەرگاکانی ئیجتیهادی بەکۆمەڵ دەکەین لەوانـە: ((کـۆڕی توێژینەوەی ئیسلامی لە میصر، کۆڕی فیقهی ئیسلامی لە رابیطە ی جیهـانی ئیسـلامی، کـۆڕی فیقهـی ئیسـلامی لـە خەرطوم، هەروەها ئەنجوومەنی ئەورووپی بۆ توێژینـەوە و فتـوادان و، ئەنجوومـەنی فیقهـی ئیسـلامی لـە ئـەمریکای باکوور و، یـەکێتی زانایـانی ئیسـلامی جیهـان))، گـەلێکی تریش کە هەن. وادەبیـنین کـە دامەزرانـدنیان هـەنگاوێکی یەکجار گرنگە و... هیوادارین کە ئەم دەزگایانە هاریکاری یەکتری بکەن، چونکە ئەو هاریکارییـە بارسـتایی سـوود و کەڵکـەکانیان زیـاد دەکـات، هـەروەها هیوامـان وایـە کـە کەرەستە هونەرییەکانیان تەواو ببێت بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، کە بێگومان ئـەوەش ڕاسـتێتی و کـارایی زیـاتری پێدەبەخشێت.

## ٣٨- کۆمەڵێك لە موسوڵمانان:

باوەڕمـــان وایـــە کـــە هـــەر کۆمـــەڵ و حیـــزب و بزووتنەوەیەکی بانگخوازی کۆمەڵێکن لە موسوڵمانان نـەك (کۆمەڵی موسوڵمان) بن و، بەها و گرنگی هەریەکەیان بـە دروســـتی و ڕاســـتی بـــیر و فیکـــر و جێبـــەجێکردن و بەرجەستەکردنی ئەو فیکرەوەیە.

## ٣٩- مەترسی گشتاندن:

دەردی گشـــتاندنی بێکـــەڵك لـــە ئـــەدەبیاتی زۆربـــەی بانگخوازاندا بڵاوبووەتەوە، بۆ نموونە: دەڵێن ڕاپۆرت هەیە کە دەڵێت هێزە ناموسوڵمانەکان یەك ناگرن تـەنها لەسـەر دژایـەتی ئیسـلام نـەبێت، دەڵـێن جوولەکـەکان سـەرداری هەموو جیهانن و دەستیان بەسەر هەموو شـتێکدا دەڕوات و بـەتوانان بەرامبـەر هـەموو شـتێك، هـەموو کـارێکی ئیسلامی فەرمی بریتی یە لە خەڵەتاندن و پیلانگێڕان و لە خـۆگرتنی ئیسـلامخوازان، بۆیـە زەرەر و زیـانێکی زۆری هەیـە دەبێـت لێـی ووریـابین، بەپێچەوانەشـەوە هـەموو کارێکی ئیسـلامی میللـی و جـەماوەری خێرێکـی ڕووتـە و تەواو لەسەر ڕاستییە لای هەنـدێك گـرووپ: هێڵـی بـەیانی ئوممەتی ئیسلامی لەبەرزبوونەوەی بەردەوامدایە و کەچی لەلای هەندێکی تر بەردەوام لە نزمبوونەوە و دابەزیندایە.

گرووپ هەن دەڵێن پیلان داڕشتن دژ بە ئیسلام هەوێنی هەموو شتێکە و، کەسانێکی تریش هـەن کـە دەڵـێن هـەر بوونی نی یە. ئەم جۆرە بیرکردنەوانـەش بـیٚ ئینصـافی و نابابەتیبوونیان پێوە دیارەو دەکەونە خانـەی سـادەیی و ڕووکەشییەوە و، خاوەنـەکانیان پەنادەبەنـە بـەر حـوکمی ئامادەکراو و حازر، خۆیان لەئەرکی گەڕان بـەدوای بـەدیل

و چارەسەر و دەستپێشخەریەکان و لادەدەن، وەهەم و گومان بۆ خۆیان دروست دەکەن کە گوایە ئەمان بەهانەیان هەیە کە خزاونەتە باری تەمەڵی و کەمتەرخەمییەوە، چونکە وای دەبینن یان واخەیاڵ دەکەن کە لەبەردەم لافاوێکی هێزی شەڕدان و هیچ توانایەکیان نیە بەسەریدا.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش تەواو پێچەوانەی یاساکانی خودایە، بەتایبەتی یاسای پاڵنان، بۆیە واجبی موسوڵمانە کە ئاگاداری هەبێت لەبەرامبەر ئەو گشتاندنە بێ کەڵك و زەرەربەخشانە و وێنە و نمونەکانی و، پێویستە لەسەری هەوڵ بدات ڕووناکی ئاوەزی خۆی و پەرۆشی دڵی دابگیرسێنێت و بەباشی و بارودۆخەکە شیتەڵ بکات و شتەکان لە جێی خۆیان دابنێتەوە و، با خۆی لە تێگەیشتنی هۆکار و فاکتەرەکان و دەرد و دەرئەنجامەکانی و هەڵبژاردنی چارەسەر و داهێنانەکاندا ماندوو بکات، ئەگەر وانەکات دەبێت بە دیلی وەهم. بێگومان لۆژیکی هەڵبژاردنێکی پابەند لە نێوان دوو دژواردا هەردەبێت یەکێکیان بێت، سپی یان ڕەش، فریشتە یان شەیتان، گونجاو یان نەگونجاو، بەسووك تەماشاکردن یان بەگران و قورس زانین.

## ٤٠- بەرپرسیارێتی مرۆڤ:

خودای تاك و تەنها بەڵێنی پاراستن و پارێزگاری دینی ئیسلامی داوە، بەڵام موسوڵمانانی بۆ ئەو ئەرکە مەزنە ڕاسپاردووە، ئەم دینە ئەگەرچی حەقێکی تەوا و ڕوون و ئاشکرایە و بەپێی قەدەرێك دەڕوات بەڕێوە، بەڵام بەدەستی مرۆڤەکان، ئێمە سەنگ و قورسایی ئەو قوربانییە گەورانە دەزانین کە پێغەمبەران و یاران و هاوەڵانیان، بگرە ئەوانەش کە لەسەر ڕێبازی ئەوان ڕۆیشتوون بۆ سەرخستنی ئەم ئایینە داویانە. ئەوان پێشەنگی ئێمەن و لەسەر ڕێباز و بەرنامەکانیان دەڕۆین.

## ٤١- پێشەنگی چاك:

دەبێت بانگخوازان لەیادیان بێت کە بوون بە پێشەنگی باش لەزۆرترین هۆکاری باش و کاری بانگخوازی سەرکەوتوو گرنگترە. بانگخوازە موسوڵمانەکان لە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامدا بەهۆی بەکارهێنانی هۆکار و ئامێر و کەرەستەی جۆربەجۆرەوە سەرکەوتن...لە پێشی هەمووشیانەوە بە پێشەنگێتی چاك، لەبەرئەوەشە بانگخوازان داوا لێکراون کە لەسەرەتاوە خۆیان لەناو خەڵکیدا پێشەنگێك بن بەکردەوە بۆ ئەو کارانەی کە خەڵکی بانگهێشت دەکەن بۆیان.

## ٤٢- زاراوەی ورد و تایبەت:

دەبێت پێداگری بکەین لەسەر زاراوەی تایبەت بەخۆمان و ئەو زاراوانەش دەبێت وردو ڕوون و ئاشکرا و سەربەخۆبن و زۆر بەبایەخەوە هەڵیان بژێرین و خۆمان لابدەین لەوەی شوێن ئەو شەپۆلە فیکریە بکەوین کە هەر بەینە نا بەینێك دێتە مەیدانەوە.

وەسفی ئیسلام ناکەین بەوەی کە شۆسیالیستییە ئەگەر شۆسیالستی ڕەواجی پەیداکردبوو، یان بەسەرمایەداری ئەگەر بازاڕی گەرم بوو، یان بەدیموکراتی ئەگەر دیموکراتیەت بوو بە مۆدیل.. هتد. ئیسلام هەر ئیسلامە، بە نەگۆڕ و پێوەر و دەستپێك و دەرئەنجامەکانیەوە و، هۆکاری بەیەکگەیشتنی لەگەڵ هەندێك پرەنسیپی ئەوانی تردا دەگەڕێتەوە بۆ شمولی بوون و دەورەدانی هەموو شتێك، ئەم بەیەکگەیشتنەیش ڕێگەمان پێ نادات کە بەو شەپۆلە فکرییانە وەسفی بکەین، چونکە خۆی ڕەسەن و بنەڕەتییە و ئەوانی تر لاوەکین.. خۆی نەگۆڕە و ئەوانی تر بەردەوام لە گۆڕاندان... خۆی حەقی تەواو و ڕوونە بە پێچەوانەی ئەوانی ترەوە کە لەوەدا جیاوازن لەیەك.

## ٤٣- نووسراوە دیار و ئاشکراکان:

دەبێت پەیام و نووسراوە بانگخوازییەکانمان ئاشکراو ڕوون و ڕێکوپێك و حساب بۆکراو بن بەجۆرێك یەك واتایان هەبێت، لە نووسەرەوە دەرچووبن بۆ خوێنەر، لەلای دووانیان یەك لێدوانی بۆ بکرێت، کە لەوەشدا دوو سوودی گرنگ هەیە.

یەکەمیان: یەکخستنی چەمکە فیکری و ڕەفتارە کردەییەکان.. کە لەلای ڕۆڵەکانی بانگەواز هەن.

دووەمیان: لەناوبردنی ئاژاوە و پشێوی لەناو ڕیزەکانی بانگخوازاندا، بەتایبەتی تازە پێگەیشتووانیان و، قەدەغەکردنی لێکدانەوەی هەڵە کە وتەی شل و شێواو و تەومژاوی ڕێی پێ دەدات و دەبێتە هۆی ئیجتهادی دژوار و شلگیر یان زیادە و ئاشووب و فیتنە و دابەشبوون.

## ٤٤- ئەوی تریش بەخێر بێت:

بیروباوەڕ و مەبدەئەکانمان موڵکی ئێمە نین، بەڵکو ئێمە خۆمان موڵکی ئەوین، لەبەرئەوە نابێت بە کۆششی کەسانی تر دڵتەنگ بین کە لەو بوارەدا کاردەکەن، ئەگەر چی شێوازی تر و ئیجتیهاداتی تریشیان هەبێت، بەڵکو پێویستە دڵمان بەوە خۆشبێت، چونکە هەوڵ و کۆششی

ئـەوانیش و ئێمـەیش لـە خزمـەتکردنی بانگـەوازدا یـەك دەگرێتـەوە، پێویسـتە لەسـەرمان کـە خۆشمـانبوێن و ئامۆژگارییان بکەین، ئەگەر توانیشمان هاوکارییان بکەین، هـەروەها پێویسـتە سـوود لەهـەر تێکۆشـانێکی بەکـەڵك وەربگـرین کـە لـەلای کۆمـەڵ و کەسـانی تـریش بێـت، هەرچەندە کەم و بچووکیش بن و ئەگەرچی شتێکی هەڵـە یان کەم و کورتیشیان گرتبێتە خۆیان.

## ٤٥- دوو ئینتمای تەواوکار:

پێویستە بانگخوازان هەرچـۆنێك بـن سـوور بـن لەسـەر پاراستنی و ئاساییش و دەستکەوت و ژینگـە و داهـاتووی نەوەکان، چونکە پەیوەندی نێوان ئینتمـای سروشـتی بـۆ نیشتمان و گەل و نەتەوە و، ئینتمـای ئازادانـە بـۆ دیـن و مەبـدە ء پەیوەندییـەکی تـەواوکاری و گونجانـە، نـەك پەیوەندییەکی دژوار و دژبەیەك.

## ٤٦- ڕاستیی قۆرخ ناکەین:

بەڕوون و ئاشکرایی و بێ چەند و چـوون ڕایدەگەیـەنین و دووپاتی دەکەینەوە کە ڕاستی بەتەنها بۆ خۆمان قـۆرخ ناکـەین. بـەڵکو ئـەوانی تـریش ئاگاداردەکەینـەوە تـاکو نەکەونــە وەهمــی قــۆرخکردنی ڕاســتییەکانەوە، ئێمــە

باوەڕمان بە ئامانجەکانمان و شێوازی کارکردنمـان هەیـە، بەڵام ناڵێین لەمەی ئێمە دروستتر و تـەواوتر نییـە. بـەڵکو سوپاسی ئەوانە دەکەین کە سەبارەت بەهەر هەڵـە و کـەم و کوڕییەك کە هەمانە ڕێنماییمان دەکەن. هـەروەها ئێمـە ڕێز لە هەڵبژاردەی کەسانی تر دەگـرین لـەڕووی ئامـانج و میکـانزمی کاریانــەوە، ئـەوەی داواکـراوە لـە هــەمووومان ئەوەیە کە نیەتەکانمان بەدڵسۆزی بۆ خـوای تـاك و تـەنها بێـت و بگەڕێتـەوە بـە دوای ڕاسـتیدا. دەبێـت ئازایـەتی و جوامێریمــان هــەبێت بــۆ تازەگــەریی و زۆر بەڕاشــکاوی دانبنــێین بــەو هەڵانــەدا کــە ڕوویــداوە لیێمــان و، دڵمــان خۆشــبێت بــەو ڕاســتییەی کــە لەلایــەن کەســانی تــرەوە دەردەکەوێت. ئەمەش ئەوە دەخوازێت و پێویستیشە کـە لــەنێوان لایەنــەکانی بانگخوازانــدا شــارەزایی و زانیــاری ئاڵوگۆڕ بکرێت، چـونکە کاریگـەریی زۆری دەبێـت لەسـەر دەوڵەمەنـــدکردنی زانیارییـــەکانی بانگخوازانمـــان و دامــەزراوەکانمان و دەوڵەمەنــدکردنیان بــە وەرگــرتن و بەخشین. کەس نییە و نابێت کەسیش هەبێت لە سەرووی ئامۆژگاری و ڕێنماییەوە بێت، هەروەك ناکرێت کەسێك یان لایەنێك هەموو ڕاستییەکان قۆرخ بکات و بیداتە پاڵ خۆی و، هەڵەیشی بداتە پاڵ ئەوانی تر.

## ٤٧- دەمارگیریی و دەمارگیریی:

شتێکی سروشتییەکە بانگخواز دەمارگیر بێت بۆ ئەو شێوازە کارەی کە هەڵیبژاردووە، لەبەرئەوەی کە ڕێگە و سیفاتی وەهای تێدایە کە جیاوازترە لەوانی تر، بۆیە ئەم شێوازەی پێ باشتر بووە، بەڵام نابێت بێ هەڵەیی و کەم و کوڕی بداتە پاڵ خۆی و زوڵم لە شێوازی کەسانی تر بکات، ئەو دەمارگیرییەی ڕێی پێ دراوە و بوونی پێویستە شتێکی باشە، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە جووڵایەوە دەکەوێتە دەمارگیرییەکی خراپ و ڕێ پێنەدراوەوە، کە ئیسلام قەدەغەی کردووە و بە نەفامیی ناوی دەبات.

لەبەرئەوەیە دەبێت بەردەوام لەیادمان بێت کە پێوەری باشیی و چاکیی لای خوای گەورە، خوداناسی و کاری چاکەیە، ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ خۆلادان لە دەمارگیریی خراپ و نەفامیی لەوانە دەمارگیریی بۆ هەرێمێك یان تیرە و هۆزێك یان حیزب و تایەفەیەك لە خەڵکی.

## ٤٨- لۆژیکی ئەولەویاتەکان:

پێویستە لۆژیکی ئەولـەویات بـەرز ڕابگـرین و دووپـاتی بکەینــەوە و خــەڵکیش بانگهێشــت بکــەین بــۆی، چــونکە کێشە و پرسەکان لە ئیسلامدا یەك پلە و یەك ئاست نـین، بۆ نموونە: پرسی یەکتاپەرستی زۆر گـرنگترە لـە لابردنـی ئازارێك لەسەر ڕێگای خەڵکی، هەروەها کاری بانگخوازیش لەسەر یەك شێواز نییە، بۆیە دەبێت چاك لەوە تێبگەین و هۆشیار بین و هەر پرس و کێشەیەك کە هەبێت دەبێت لـە جێگــەی خۆیــدا دایبنــێین. بۆیــە پێویســتە ناوبــەناو ئەولەویاتــەکان ڕێکبخەینــەوە بــەپێی گۆڕانکارییــەکان، چونکە پلەبەندی ئەولەویات لە ئایینی ئیسـلامدا نـەگۆڕە، بــەڵام لــە کــاری ئیســلامیدا بــەپێی زەمــان و شــوێن و مرۆڤەکان دەگۆڕێت و، ئەوەی کە پەیوەنـدی بـە لـۆژیکی ئەولەویاتەوە هەیە ئەوەیە کە بەتوانابین لە هەڵسەنگاندنی ئــەو زەرەر و زیانانــەی کــە ڕوودەدەن و، کــەمترین زیــان هەڵدەبژێرین، هەروەها بەتوانابین لـە هەڵسـەنگاندنی ئـەو ســوود و کەڵکانــەی کــە دێنــە بەردەســتمان تــاوەکو بەسوودترینیان هەڵبژێرین.

## ٤٩- فیقهی مەبەستەکان:

پێویستە بانگخوازان بەباشی لە زانستی مەبەست و مەرامەکان ئاگاداربن و تێیدا قووڵ ببنەوە، دروست نییە کە دەست بە ڕواڵەتی دەقەکانەوە بگرن و لەسەر وشەکانی ڕابوەستن و ئاگایان لەوە نەبێت کە چ نهێنی و مەبەست و فەرمانێك لەناوەڕۆکیاندا هەیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بەهای دەقەکان فەرامۆش بکرێت، بەڵکو پێویستە بچینە ناو ڕۆحییەوە و هاوسەنگیی ڕابگرین لەنێوان پێکهاتو و لێکجیاوازیدا و، لە بەشەکانی تێبگەین لە ڕۆشنایی هەموویەوە و، لە ڕۆشنایی مەبەستە گشتییەکانی شەریعەتەوە، هەروەها لە ڕۆشنایی ئەو بنەما فیقهییەوە کە دەڵێت: (پەند لەگرێبەنددا بە مەبەست و واتایە نەك بە دەستەواژە و دارشتن).

هەروەها لە بنەمایەکی دیکەی فیقهی ئیسلامدا هاتووە کە (کاروبارەکان بەپێی مەبەست و نیازەکانن)، گومانی تێدا نییە ئەوەش وا دەخوازێت کە بەدوای پسپۆڕانی ئەو بوارەدا بگەڕێین و سوودیان لێ ببینین.

## ٥٠- فیقهی مەئالات (زانستی دەرئەنجامەکان):

پێویستە بانگخوازان زانستی دەرئەنجامەکان (فیقهی مەئالات) بزانن، واتە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و دەرئەنجامەکانیان، ئەوانەی بەپێی بڕیارەکانی ئەم یان ئەو ڕێکدەخرێن.

ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە شارەزاییەکی قووڵمان هەبێت بە سوننەتەکانی خوا و دەرککردنێکی فراوانیش بە بارودۆخی ناوچەیی و هەرێمایەتی و جیهانیی، لەبەرئەوە دەبێت پێشوەخت بەقووڵی لە دەرئەنجامی هەریەکە لە بڕیارەکان بڕوانین و دەرك بە شوێنەوارەکانیان و شوێنەواری دەوروبەریان بکەین و، لەحساباتی و لێکدانەوەدا پشت ببەستین بە قەناعەتی تەواو نەك گومان و، بەئارامیی و هێمنی نەك پەلەپەلکردن و، بەتوانا و دەسەڵات نەك ئەندێشە.

لە مێژووی کاری ئیسلامیدا بڕیارەکان ویستویانە بەوە شەڕ دووربخەنەوە یان خێر بەرهەم بهێنن، کەچی دەرئەنجامەکەی کارەساتێکی خوێناوی بووە یان نەهامەتی و زنجیرە کارەساتی تر بەدوای خۆیدا هێناوە.

## ٥١- فیقهی واقیع:

پیویسـتە بـانگخوازان شـارەزاییان لـەبارەی زانسـتی فیقهی واقعیەوە هەبێت و بەباشی دەورەی ئەو بـارودۆخ و دەرفـەت و هەلانـە بـدەن کـە پێـوەی بەسـتراونەتەوە و، دەرکی ئەو مەودا ڕاستەقینەیە بکەن کە لـەنێوان ئـاوات و خواست و تواناکانی بەردەستیاندا هەیە، بەوەش دروشم و ئامانج و بەرنامەکانیان قـابیلی جێبـەجێ کـردن دەبێـت و ئەوەش ئەوە دەخوازێت کە کاربکەن لەسەر ئامـادەکردنی زیهـن و ویژدانـەکان و، کۆکردنـەوەی خـەڵکی لـەدەوری کاروبـارێکی ئاشـکرا و هەڵبـژێردراو و چـاودێریکردنی زەروریيەکان بەبایەخەوە و، لەپاشـان گرتنەبـەری یاسـای پلەبەندی.

## ٥٢- پەرەپێدانی هەستکردن بە مەترسییەکان:

موسوڵمانان ئومەتێکن هەر لە پەیدابوونیانەوە لەلایەن دوژمنانیانەوە کراون بە ئامانج، چونکە خـاوەنی پـەیام و بانگـەوازن و هەمیشـە بـەر هەڕەشـە کـەوتوون، هۆکارەکەشـی ئـەوە بـووە کـە زۆربـەی ئـەو دوژمنانـە نکۆڵییان لەو ڕاستی و هەقە کردووە کە ئیسلام پێیـەتی. ئەمـەش مەترسـییەکە لـەناو موسـوڵماناندا هەسـت پێدەکرێت، بۆیە دەبێت ئـەو هەسـتە پـەرەی پـێ بـدرێت

لەناو ڕۆڵەکانیدا.. ئەمەش دەبێتە مایەی لێك نزیکبوونەوە و بێزکردنـــەوە لـــە نـــاکۆکیی و پەرتـــەوازەیی ئـــەو هەڕەشـەیەش هـەموو موسـوڵمانان دەکاتـە ئامـانج، بۆیـە نـەفامیی و نەشـارەزایی دەربـارەی ئـەو مەترسـیانە زۆر کوشندەتر دەبێت لەسەر موسـوڵمانان. مەترسـییەکانیش دوو جۆرن:

یەکەم: مەترسی دەرەکییە کە لـەدەرەوەی خۆیانـەوە بۆیان دێت.

دووەم: مەترسـی ناوخۆییـە کـە لـەناو ڕیزەکانیانـەوە هەڵـدەقوڵێت. پەنـد و ئامۆژگارییـەکانی مێـژووش بۆمـان دووپاتدەکاتـەوە کـە مەترسـییە ناوخۆییـەکان زۆر جـار کوشندەتر و ترسێنەرتر بوون لەسەر موسوڵمانان.

## ٥٣- خوشك و برایەتی ئیسلامیی:

برایەتی ئیسلامیی بنەمایەکی بنەڕەتییە لە بنـەماکانی ئیسـلام و پایەیـەکی پتـەوی ڕێسـای کـاری بانگـەوازە. بڵاوبوونەوەی لەناو موسوڵماناندا جێی ڕەزامەنـدی خوایـە لە ئاسمانـەکان و، سـەرکەوتنیش لەسـەرزەویدا. نـەمان و نەبوونیشـی مایـەی خەشـم و قینـی خـودای گەورەیـە لـە ئاسمان و، شکست و خەجاڵەتیشـە لەسـەر زەویـدا. بۆیـە لەسەر بانگخوازان پێویستە گرنگیی برایەتی بـەرز ڕابگـرن

لەڕووی فیکریی و تیۆرییەوە، هەروەها بەکردەوەش کاری لەسەر بکرێت.. وریاییش بدرێت لەسەر هەرشتێك کە پێچەوانەی برایەتی بێت، چونکە بوونی برایەتی لەنێوان بانگخوازاندا سۆز و گڕ و تینە، یارمەتی و سەرکەوتنە، مژدەدەرە و هێمای سەرکەوتن دەنوێنێت. نەمان و دیارنەبوونی برایەتیش بەپێچەوانەوە دەبێتە مایەی توندوتیژیی و پەستیی و ڕوژدیی و خۆپەرستیی.. نەمانی ئاگادارییە کە هێما و دیاردەی خەڵەتاندن و خەجاڵەتیی و ڕووڕەش بوونە.

## ٥٤- بانگەواز بەرپرسیارێتیی گشتییە:

بانگەواز بۆ ئیسلام واجبە لەسەر هەمووان و تەنها قوتابیانی زانستە شەرعییەکان بەرپرس نین لێی، ئەگەرچی بەرپرسیارێتی ئەوان گەورەترە لە کەسانی تر، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەیادبێت کە ئیسلام هەموومان لەخۆدەگرێت، ترسنۆك و ئازا و بەخیل و سەخی و گێل و زیرەك... هتد.

کاری بانگخوازیی لەبەر بەرزێتی و گرنگییەکەی و مەترسییەکانی پێویستی بە مەعدەنی بەرز و بەنرخ هەیە لە کەسانی مرۆڤدۆست و ئازا و سەخی و بەئارام و خاوەن عەزیمەت و خۆشەویست و بەئینصاف. دەبێت ئێمە

تەرکیز بخەینە سەر خاوەنی ئەم مەعدەنانـە و بیانهێنینـە لای خۆمان  و پێشیان بخـەین، ئـەوان لـە کـاتی خۆشـیدا جوانکارن و لە تەنگانە و ناڕەحەتیشـدا حـازر و ئامـادەن، بانگەواز لەسەر دەستی ئـەوان گەشـە دەسـێنێت و بـەرپا دەبێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوان بێبـەرین لـە هەڵـە و کـەم و کـوڕی. هـەموو مرۆڤێـک بەشـێك هەڵـەی تێدایـە، بـەڵام لـە کۆی سـیفەتەکاندا ئـەوان مەعـدەنێکی بەرزن.

ئەگەر تووشی هەڵەبوون دەگەڕێنـەوە سـەر ڕاسـتی و، بەرژەوەنـدی گشـتی پـێش تایبـەتی دەخـەن، جەوهـەر و ناوەڕۆکیش پێش ڕواڵەت و حەقیقەتیش پێش کار و وێنە. ئەمانە خاوەن بنەما و مەبدەئێکی چەسپاو و دامـەزراون، هەرچـەندە مەترسـی هـەبێت لەسـەریان بـەردەوامن تـا دەگەنەوە بە خودای خۆیان.

جا کاتێك خاوەن مەعدەنە بـەرزەکان زۆربـن لـە کـاری بانگخوازیـدا جۆرەکـانی دیکـە کـەمبن، ئـەوا نیشـانەی سەرکەوتن ڕۆشنتر دەردەکەوێت.

## ٥٥- پەرۆشییەکی ڕێکوپێککراو:

پەرۆشیی خێر و بەرەکەتە، چونکە ڕۆحی عەزیمەت و خۆنەویستی و داهێنان و بەخشندەیی و کێبەرکێ و زۆر سیفەتی جوانی دیکە دادەگیرسێنێت و، بە گەشاوەیی دەیانهێڵێتەوە و، دەبێتە هۆی ئەوەی کاری بانگخوازیی بەرەو پێش بچێت... بەڕادەی بوونی ڕێژەی ئەو هەستە کار پێش دەکەوێت و، بەڕادەی لاوازیشی لاواز دەبێت... لەبەر ئەمەیە بانگخوازان کردوویانە بە خوو کە هەمیشە پەرۆشیی دابگیرسێنن و زۆری بکەن، کە لەوەدا کارێکی باش دەکەن، بەڵام دەبێت چاویان لەسەر دوو لایەنی گرنگ بێت:

**یەکەم:** ڕادەی زیادکردنی ئەو پەرۆشییە بەوردی حیسابی بۆ کرابێت.. چونکە نموونەی ئەمە لە دەرمان دەچێت، کاتێك کە پزیشك دەرمان بۆ نەخۆش دەنووسێت بڕی گونجاوی بۆ دیاری دەکات کە نە زۆر بێت و نە کەمیش.

ئەمەش هەر بەو شێوەیەیە زیادکردنی جورعەی پەرۆشیی بەتایبەتی لای گەنجان دەبێتە مایەی زیادکردنی بارگەی توندوتیژی و گەرمبوون، لەوانەیە بە شێوەیەکی هەڵە گوزارشت لە خۆی بکات. **دووهەم:** بانگخوازانی دانا و

ژیر دەبێت هەوڵ بدەن شوێن و کاتی گونجاو بۆ ئەو جورعە پەرۆشییە ئامادە بکەن تاوەکو لەکاری چاکە و بەسووددا بەکاریبهێنێن و لەوێدا بەتاڵ ببێتەوە، ئەو کاتە هەست بەخۆیان دەکەن کە کەسانێکی بەکەڵکن، چونکە هێندەی توانییان خزمەتیان پێشکەشکرد، بەمەش لە لۆمە و سەرکۆنەی ویژدانی خۆیان ڕزگاریان دەبێت کە بەڕاستی زۆریان بۆ دێنێت ئەگەر ئەنجامیان نەدابێت، لە پاشان دڵخۆش دەبن و ئارام دەبنەوە و خەڵکیش سوود لە خزمەت و کارەکانیان دەبینێت.

## ٥٦- لەنێوان فەرمیی و میللیدا:

کاری ئیسلامی فەرمیی ئەو جۆرە کارەیە کە دەزگاکانی سەر بە دەسەڵات پێی هەڵدەستێت و، کاری میللیی یان جەماوەریی ئەو کارەیە کە لەلایەن خەڵکەوە ئەنجام دەدرێت و سەر بە دەسەڵات نییە. زۆربەی کات باو بووە کە گومانبردنی خراپ و تۆمەتبارکردن و دوژمنایەتی لەگەڵ یەکتری و خۆ بۆیەکتری خستنە کەمینەوە لەنێوان فەرمیی و میللیدا هەبووە.

جا سەرەتا دەبێت دوو شتی گرنگ یادی خۆمان بهێنینەوە:

**یەکەم:** هیچ کام لەو دووانە هەڵەی ڕەها یان ڕاستی ڕەها نین، بەڵکو هەریەکەیان شتێکی لە ڕاستیی و هەڵەشی تێدایە.

**دووەم:** دەگونجێت جێگۆڕکێ ڕووبدات لەنێوانیاندا، میلليی بگۆڕێت بۆ فەڕمیی و، فەڕمیش بگۆڕێت بۆ میلليی. داواکراوە لەهەردوو گرووپەکە کە تێکۆشانێکی بەردەوام و دڵسۆزانە و ژیرانەیان هەبێت بۆ دروستکردنی پردی متمانە و لێك تێگەیشتن و هاوکاریی و لەیەك خۆشبوون لەنێوانیاندا، چونکە بانگەواز بەرپرسیارێتیی هەمووانە ئەگەر ئەوەیان کرد سوود و قازانجێکی زۆریان دەست دەکەوێت و، ئەگەر وایان نەکرد هەموویان (فەڕمیی و میلليی) ڕووبەڕووی زنجیرەیەك لە گرفت و نەگبەتیی و شکست دەبنەوە، ئەمەش ئاسان نییە، هەروەها شتێکی نەگونجاویش نییە. جا لەبەر گرنگی لەڕادەبەدەری کاری بانگەواز پێویستە هەموومان تێکۆشانێکی زیاترمان هەبێت.

## ٥٧- دڵسۆزیی و ڕاستیی پێکەوە:

دڵسۆزیی لە ئیسلامدا پلەوپایەیەکی بڵندی هەیە، چونکە ڕۆحی کارکردنە و مەرجی پەسەندبوونیەتی، ئەو کارەی دڵسۆزیی تێدا نەبێت بێ چەند و چوون فەوتاو و

ونبووه، بەڵام دڵسۆزیی بەتەنیا بەس نییە. دەگونجێت بەدڵسۆزیی کار بکرێت، بەڵام ڕاستیی تێدا نەبێت، خەواریجەکان لەوپەڕی دڵسۆزیدابوون، بەڵام هەڵەکانیان یەکجار زۆربووە، لەبەرئەوە دەبێت بە بانگهێشتن بۆ ڕاستیی بانگەواز لە دڵسۆزیی نزیك بکەیتەوە، هەردووکیان بەیەکەوە ڕێگەی سەرکەوتنن، لەبەرئەوە پێویستە بانگخوازان نرخی ڕاستیی و ڕاستەقینە بزانن و بەدوویدا بگەڕێن بەهەمان ئەو ڕادەی کە بەدوای دڵسۆزیدا دەگەڕێن، ئەویش لەبەر دوو هۆی گرنگ:

**یەکەم:** نرخ و بەهای ڕاستیی کە لەگەڵ سەرکەوتندا پێکەوە دوانەن و مەرج و لاکەی تریشیەتی.

**دووەم:** زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە بواری بانگەوازی ئیسلامیدا کاردەکەن باشێتیی و نیەت چاکیی زاڵە بەسەریاندا، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لەلایەن شەڕخوازانەوە ڕابکێشرێن، یاخود خراپەکاران بخزێنە ناو ڕیزەکانیانەوە و بیانخەڵەتێنن و تووشیان بکەن. لەهەندێك کاتدا لە گۆڕەپانێکی زۆر باشدا لەپێناو چاکەدا تێکۆشاون، لەهەندێك کاتی دیکەدا تێکۆشانیان هەبووە کە پێویست نەبووە، لەهەندێك کاتی دیکەشدا کە ئەمەیان لەوپەڕی نەزانیی و گێلێتیدایە، هەوڵ و تێکۆشانیان

هەبووە لەجێگەی هەڵەدا و، بوونەتە سووتەمەنی گۆڕانێك کە ئەوان یەکەم قوربانیی بوون و ئەو بارودۆخە تازەیـەش کـــە گۆڕانەکـــە هێناویـــەتی زۆر خراپتربـــووە لـــەوەی پێشووتری.

## ٥٨- کەم و کورتییەکی زیادە:

ئەدای کاری زۆرێـك لـە موسـوڵمانان، لـەناو ئەوانیشـدا توخمە بانگخوازییەکان، بە کەم و کورتییەکی زیاد وەسف دەکرێت لە کاروباری دنیا و دینیاندا، کـە خـودی ئەمـەش دژوارە لەگەڵ ئـەو نیعمەتـەی کـە خـودا خـەڵاتی کـردووە پێیـــان و بـــەهۆی ئـــەوەوە ئامـــادەدەکرێن تـــاکو ببنـــە ســـەرکردەی مرۆڤـــەکان و بنیاتنـــەری شارســـتانیەت و خاوەنی بیروباوەڕی دروست و سـەروەت و سـامانێکی زۆر و شـــوێنێکی ئیســـتراتیجی گـــرنگ و گەشـــەی مرۆیـــی بەرفراوان.

لەبەرئەوە پێویستە ژیرەکانیـان بکەونـە لێکۆڵینـەوە و هـەنگاونان لـە ناکاراییـەوە بـۆ کـارایی بـوون و لـە کـەم و کورتییەوە بۆ پێشکەوتن.

گـــرنگترین شـــتێکیش کـــە لـــەوەدا یارمـــەتیان دەدات جـددیبوون و داهێنانـە، هەڵسـەنگاندن و کێبەرکێکردنـە پاش لێزانین و، بوار ڕەخسـاندن و کارکردنـە بـە دەزگـا و

دامەزراوە تایبەتەکاندا و، دەستخۆشیکردنە لە چاکەکاران و لێپێچینەوەیە لە خراپەکاران و کارخۆشویستنە.

## ٥٩- پیلان:

لەم دە ساڵەی دواییدا زۆر باسی پیلانگێڕان کرا لەنێوان ئەو کەسانەی گشتاندن دەکەن و ئەوانەشی کە هەر نکوڵیی لێ دەکەن، لەنێوان ئەم دووانەشدا کەسانی تریش هەن کە خۆیان دەپارێزن لە هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەری.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەو کاتەوەی مرۆڤ پەیدابووە پیلان بوونی هەیە و هەر دەشمێنێت، بەڵام لەڕووی دینیی و عەقڵییەوە دروست نییە بۆ هەموو شتێك بە پیلان لێکبدەینەوە، دەبێت ئەوە بزانین کە پیلان جارێك سەردەکەوێت و جارێکیش شکست دەهێنێت و بەسەر خاوەنەکەیدا دەشکێتەوە. دەبێت دوور لە هەردوو لایەنی هەڵە و دژبەیەك، کە لێترسان و بەسووك سەیرکردنێتی مامەڵەی لەگەڵ بکەین، دەبێت لەبارستایی دروستی خۆیدا دایبنێین و خۆمان بەیاساکانی ململانێ و پێکهاتن لەگەڵ کەسانی تردا خەریك بکەین زۆرتر لەوەی کە بە ورد و درشتی پیلانەوە خەریکبین. ئەگەر وا نەکەین ئەوا هەڵە و لێنەهاتوویی خۆمان هەڵدەواسین بە جبەخانەی پیلانەوە، لەپاشان مەترسی تر لە پیلانگێڕان بۆ ئێمە ئەوەیە کە

ببینە قوربانیی بێئاگایی لێی، یان لێترسانی، یان بەسووك سەیرکردنی، یان بەنادروست مامەڵەکردن لەگەڵی، یان فەوتان و لەناوبردنی ئەو هۆکارانەی کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووین پابەند بین پێوەی.

## ٦٠- دوو بازنەکەی کارتێکردن و گرنگی پێدان:

لە سنووری ژیانی موسوڵماندا دوو بازنە هەیە:

**یەکەمیان: بازنەی کارتێکردن:** کە مەبەستیش لەمە ئەوەیە هەرشتێك کە بکەوێتە سنووری تواناوە و کەسێك بتوانێت چاکەی تێدا ئەنجام بدات کە بۆ خۆی و خەڵکیش بەسوود بێت.. بۆ نموونە وەکو بایەخدان بە تەندروستی و بژێویی ژیانی خۆی و خزمەتی خزم و هاوکارانی و ڕێنمایی ئەو کەسانەی دەوروبەری و پەرەپێدانی تواناکانی خۆی و شەونخونی لەسەر ماڵ و خێزانی و، ناسین و زانینی ئەو یاسایانەی کە فەرمان دەکەن بەسەر کارەکەی و وڵاتەکەیدا.

**دووهەمیان: بازنەی گرنگیپێدان:** مەبەست لەمەیان بەدواداچوونی دۆخی ناوچەیی و جیهانییە کە کەم یان زۆر ناتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەری، بۆ نموونە: بەرزبوونەوەی نرخی دراو، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە وڵاتێکی تردا، پیسبوونی ژینگە و کونبوونی چینی ئۆزۆن.

موسوڵمانی ژێر داوای لێ کراوە کە تەرکیز بخاتە سەر بازنەی یەکەم، چونکە دەتوانێت کاریگەری لەسەری هەبێت و لەبەرئەوەشە کە جێی تەکلیفی شەرعییە بۆی.

بەڵام بازنەی دووهەم پێویستە لە سنوورێکی تەسکدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، تەنها ئەوەندە ئاگاداربێت کە چی لە سەردەمەکەیدا ڕوودەدات و پەیوەندی بە کەسانی تریشەوە هەبێت.. ئەگەر بەپێچەوانەوە بایەخێکی زۆری بەم شتانەدا ئەوا کەوتووەتە بازنەی یاساغێکەوە کە ڕێی پێنەدراوە، بەم کارەش ماندووبوون و کات و مێشکی خۆی بەهەدەر دەدات لە شتێکدا کە دڵی پەژارە دایدەگرێت و تواناشی نییە لەسەر ڕاستکردنەوەی و دەکەوێتە گێژاوی شکست و نارەحەتی و دڵەڕاوکێوە و، لەوانەشە تووشی گۆشەگیری ببێت و لەو کار و ئەرکانەش بکشێتەوە کە توانای ئەنجامدانیانی هەیە و بیانوش بۆ ئەوە بهێنێتەوە، لەوانەشە ئەو شتەی کە بەسەری هاتووە بیخاتە ئەستۆی قەدەرەوە...

ئەو حیکمەتە چەند بەرز و جوانە کە دەڵێت: (کەسانی سەرکەوتوو لێهاتوون لەداهێنانی چارەسەر و دانانی بەدیلەکاندا، شکست خواردوانیش لێهاتوون لە داهێنانی بەهانە و بیانوودا).

## ٦١- گرنگیی زمان:

زمــــان دەفـــری زانســـت و زانیـــاری و کەرەســـتەی بەیەکگەیشـــتنە و یەکێکـــە لـــە دیـــارترین پێکهاتـــەکانی شـــوناس، بـــەوەش شـــوێنێکی مـــەزنی لـــەژیانی خەڵکیـــدا داگیرکردووە، زمانی عەرەبیش لەوەدا وەك زمانـەکانی تـر وەهایە.

بەوەش جیاوازە کـە خـوای مـەزن هـەڵی بـژاردووە بـۆ قورئانی پیرۆز، بێگومان خوای گەورە حیکمەتی خۆیـەتی و زانـاترە بــەوەی بەرنامەکــەی خــۆی لــەکوێ دادەنێــت لــەڕووی چــۆنیەتی زمــان و شــوێن و مــرۆڤ و زەمانــەوە. زمانی عەرەبی زمانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ρ و بەشی هەرە زۆری کلتور و کەلەپوری ئیسلامییە.

بەخوێندنەوەیەکی مێژووی ئیسلامدا دەردەکـەوێت کـە بەڵگەیـــە لەســـەر ئـــەوەی لەهـــەر شـــوێنێکدا ئیســـلام بڵاوبووبێتـــەوە زمـــانی عـــەرەبی ڕۆڵـــی هـــەبووە و بووەتـــە مایەی باش تێگەیشتن و بـەردەوامیی ئایینەکـە، تەنانـەت دوای لاچـوونی دەسـەڵاتی سیاسـی یـان لاوازبوونیشـی، لێرەوە پێویستە لەسـەرمان کـە هـەوڵ بـۆ بڵاوکردنـەوەی زمانی عەرەبی بدەین و ئەگەر توانیمان ڕێگە چارەیەکییان

بۆ بدۆزینەوە لەناو وڵاتانی ئیسلامیی غەیر عەرەبیدا و لەو شـوێنانەی کـە کـاری بانگخوازییـان تێـدا دەکرێـت بـۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام.

## ٦٢- دیاریکردنی ئامانجەکان:

هەموو کارێکی بانگەواز ئامانجێکی هەیە کە لە پێناویدا تێدەکۆشێت، دیاریکردنی ئـەو ئامانجـە کارێکـە لەوپـەڕی گرنگیدایـە، لەبەرئـەوە پێویسـتە لەسـەر ئـەو کەسـانەی شەونخوونی دەکەن لەپێناو کاری بانگەوازدا ئیتر ئەم بێت یان ئەوی تر، دەبێت هەستن بەدیاریکردنی ئەو ئامانجـەی مەبەستیانە زۆر بـەوردی و ڕوونـی بەنووسـین بینووسـن و حساب بۆ هەموو ڕستە و وشـەیەك بکـەن لـەڕووی وردی و ڕوونییـــەوە و لـــەڕووی دروســـتی و ڕاســـتییەوە و ڕادەی پێویستییان پێی و توانای هەستانیان پێی.

جا هەرلایەك، تاك بێت یان کۆمەڵ، هیوا و ئاواتە جوان و ئەستەمەکان تێکەڵ بـە هیـوا ڕاسـتەقینە و واقیعیـەکان بکات بەدەستەوەدێت و بەختی لە شکستخواردندا زۆرتـرە وەك لـە سـەرکەوتن، لەوانەشـە بەفـەوتان کۆتـایی بێـت. هەڵـــە و نادروســـتییەك کـــە لـــە تاکـــەوە ڕوودەدات

دەردەسەرییەك دەنێتەوە، بەڵام كاتێك كە لە كۆمەڵێكەوە ڕوودەدات دەردەسەرییەكە چەندەها بەرابەردەبێت.

باشترین ڕەخنەیەك كە ئەمڕۆ ئاڕاستەی كاری بانگـەواز كـراوە ئەوەیـە كـە زۆربـەی ڕۆڵـەكانی دەزانـن كـە (چـیان ناوێت)، بەڵام نازانن كە (چیان دەوێت). كاتێك كـە كـاری بانگــەواز ئامــانجی هەڵــە دەگرێتــەخۆی یــان ڕاســتی و دروستیی هەیە، بەڵام لەگەڵ واقیعدا نەگونجاوە ئەوا خۆی ئـازار دەدات، چـونكە دوای تراویلكـە كـەوتووە و، بـوونی نیەت باشی تكای بۆ ناكات، چونكە نیەتی باشی بانگخواز ئەوەیە كە ئامانجەكەی خوازراو و ڕاست و دروست دەبێت پێویسـتە بـانگخوازان كـە بەتـەواوی و ڕوون و ئاشـكرایی بـزانن (ئـەمان كـێن) و (چـیان دەوێـت).. لـە ڕۆشـنایی ئەوەوە پلان و بەرنامەی خۆیان دیاری بكەن. بەوە دەبنە سپاردەپاێزێكی ڕاستگۆ لەگەڵ خۆیان و ڕاستگۆیش دەبن لەگەڵ ئەوانەی وەڵامی بانگەوازەكەیان دەدەنەوە. ئەگـەر ئەمەیان كرد زۆر باشیان كردووە، ئەگینا بەڕاستی تووشی مەینەتی و نەهامەتی دەبن.

### ٦٣- ئازایەتی و ئازایەتی:

ئازایەتی سیفەتێکی مەزنە و دەبێت بانگخواز هەڵگری ئەو سیفەتە بێت، چونکە کەرەستەیەکی گرنگی کاری بانگخوازییە..

هەرکاتێك بانگخواز بارگاوی بێت بەئازایەتی دەبێتە هۆی سەرکەوتن و بردنەوەی و هەرکاتێك وازی لێ هێنا ئەوکاتە دەبێتە مایەی شکست و خەجاڵەتی.

بەڵام ئازایەتییەکی تر هەیە ئەویش ئازایەتی خۆگری و چاوەڕێکردن و شێنەیی و کشانەوەیە کاتێك کە بڕیارێکی بەهانەداری بۆ بڕیاردەدرێت لە مەرجەعیەتێکی متمانە پێکراوەوە لە کەش و هەوایەکی ڕاشکاو و پاك و ئازادانە و بەرپرسیارێتییەوە، ئەو جۆرە ئازایەتییە گرنگترە لە ئازایەتی دەستپێشخەری، چونکە کەسێك کە خاوەنی ئەو ئازایەتییەبێت گوێ بە توانج و تانەی ئەو کەسانە نادات کە هەوڵدەدەن کەسێتی لەکەدار بکەن، لەبەرئەوەی دیدی فراوانە و حسابی بۆ مەودای دوور کردووەو بڕیارەکەشی لەئاست قەناعەتەکەی خۆیەتی، کشانەوەی خالیدی کوڕی وەلید لە جەنگی موئتەدا ڕۆشنترین بەڵگەیە لەسەر ئەو جۆرە ئازایەتییە.

## ٦٤- شكۆ و بەرزییەك كە داوا ناكرێت:

كـاری بـانگخوازی شـەریفترین ئەركـە لەژیانـدا، كـار و ئەركی پێغەمبەران و نێردراوانی خودایە –سەلامی خوایان لیٚ بێت– وا بـاوە لـە زۆربـەی كاتـدا هەركەسـێك هـەڵگری سیفەتی بـانگخوازیی بێـت دەبێتـە جێـی متمانـە و ڕێـز و خۆشەویستی خەڵكی و، پێگەیەكی كۆمەڵایـەتی جیـاوازی دەبێت. لێرەدا گرنگ ئەوەیە هەركەسێك لەبەر خـودا ئـەو ئەركە بگرێتە ئەستۆی خۆی نابێت مەبەستی پێگـە و پلـە و پایە بێت، بەڵكو دەبێت تەواو دڵسۆزانە لەپێناوی خوادا تێبكۆشـێت، ئەگـەر هـاتوو پێگـە و پلـە و پایـەی كـە بەدەستیهێنا بـەبیٚ ئـەوەی خـۆی بەتـەمای بووبێـت ئـەوا دەبێت شـوكرانەبژێری خـوای خـۆی بكـات و هـەوڵ بـدات لەئاسـتی ئـەو بەرپرسـیارێتیەدا بێـت، هـەروەك دەبێـت بەخۆشویســـتن و چـــاكەكردن و بێهـــەوا و فیزیـــی و خزمەتكردنەوە بەرەوپیری خەڵكی بڕوات.

دەبێـــت ئـــەوە بزانێـــت كـــە ئـــەو پلـــە و پایەیـــە بەرپرسیارێتییە و كۆڵ و ئەركە نەك جوانكاری، زەحمـەت و ماندووبوونە نەك دەستكەوت، تەكلیفە نەك تەشریف.

### ٦٥- پەیام نەك پیشە:

ئەگەر کاری بانگخوازیی لە پەیامەوە گۆڕا بۆ پیشە، کە ئـەوەش زۆر ڕوویـداوە، ئـەوا ڕواڵـەت زاڵ دەبێـت بەسـەر ناوەڕۆکـدا و، بێئیشـی بەسـەر کارابوونـدا و، خۆپـەرسـتی بەسەر بەخشندەییدا و، لافلێدان بەسـەر چـاکەخوازیدا و، دووڕوویی بەسەر ڕاسـتگۆییدا، ئەمانـەش هـەمووی بـەڵای ناوەختن و بەپلەی جیا جیا لەم کـاری بانگخوازییـەدا یـان لەوی تردا ڕوو دەدەن.

کاتێك بـانگخوازیی لـە پەیامـەوە بـوو بـە پیشـە، ئـیتر موسوڵمانی خۆپارێز دەکات بە زاهید لە کاری بانگخوازیدا و، چەکێکی بەهێزیش دەخاتە دەستی دوژمنانی بانگـەواز بۆ دژایەتی ئەو بەو ڕەفتارانە.

### ٦٦- تازە هیدایەتدراوەکان:

سروشتی موسوڵمانە کە دڵخۆش بێت بـە هەرکەسـێکی نـوێ کـە موسـوڵمان دەبێـت، بـەڵام جـاری وا هەیـە ئـەم دڵخۆشـییە سـنووری خـۆی دەبـەزێنێت و بـانگخوازان دەکەونـە هەڵەیەکـەوە کـە دەکـرا خـۆی لێ لابـدرێت، جـا تـاوەکو بەرژەوەنـدی خۆمـان و تـازە موسـوڵمانەکەش جێبـەجێ بکـەین و ڕزگاریشـمان ببێـت لـەو هەڵەیـەی کـە لەوانەیە ڕووبدات پێویستە لەسەرمان دڵنیـابین لـە نیـەتی

تازە هاتووەکە، هەروەها لە عەقڵ و دامەزراویی و دانایی، ئینجا بەهێمنی یارمەتی بدەین تاوەکو لە ئیسلامدا قـووڵ دەبێتــەوە، بەتایبــەتی لــەڕووی تێگەیشــتن و ڕەفتــار و نیەتییەوە، بەو کارە لە سنووری قەبارەی سروشتی خۆیدا دەمێنێتــەوە و بــەئارامی گەشــەدەکات، بــەڵام ئەگــەر زیادەڕۆیمــان کــرد لەپێشــوازیکردنیدا لــەڕووی مــاددی و مەعنەوییــەوە، ئــەوا دەیگــۆڕین بــە کەسـێکی بـەکرێگیراو لەجیاتی ئـەوەی موسـوڵمانێتی فێربکـەین و، دەگونجێـت بیگۆڕین بۆ مرۆڤێکی مەغرور و لەخۆبایی، بەجۆرێك کە وا گومـان بکـات مامۆسـتای زۆرێکـە لـە بـانگخوازان دەبێـت لێوەی فێربین نەك لێمانەوە فێرببێت.

## ٦٧- مەزهەبە فیقهییەکان:

مەزهەبە فیقهییەکان بەگشتی، چواریان بەتایبەتی کـە شوێنکەوتوویان زۆرە، کەلـەپوورێکی بـەنرخ و سـامانێکی زۆر دەوڵەمەندن کە زاناکان دەریان هاوردووە و سەدەکان زاخاوییــان داوەتــەوە و، لــە شــانازییەکانی ئوممــەتی ئیسلامین. موسوڵمان بۆی هەیە ئـەوەیان هەڵبـژێرێت کـە شــوێنی دەکــەوێت، چــەندێکی تــوانی لــە بەڵگــەکانی مەزهەبەکـەی بزانێـت و ڕێـز لـە هەڵبـژاردەی ئـەوانی تـر

بگرێت و، ئەگەر پێویستی کرد گفتوگۆیان لەگەڵ بکات بە ڕێزگـرتن و بابەتیبوونـەوە و بـەدوای حەقـدا بگـەڕێت و دڵخۆش بێت پێی، جا ئەگەر لەخۆیەوە بوو یان لەکەسانی ترەوە، هەریەکە لەم مەزهەبانە لە ڕاسـتی و هەڵـەدا و لـە بـاش و باشـتریندا شانسـی جیـا جیایـان هەیـە، ئـەوەش کارێکە کە لەلایەن زانایـانی تایبەتمەنـدەوە، ئەوانـەی کـە توانـــای بـــەراوردکردن و پەســـەندکردن و هەڵبـــژاردن و تازەکردنـــەوەیان هەیـــە، بڕیـــاری لەســـەر دەدرێـــت. دەمارگیری بۆ مەزهەبەکان لۆمەکراو و زیانبەخشە، بـەڵام لە بەها کەمکردنەوە و جەنگانـدن لەگـەڵیان و بـانگکردنی خـەڵکی بـۆ وازهێنـان لێیـان و وەرگرتنـی ڕاسـتەوخۆ لـە قورئان و سوننەوە زۆر زیانبەخشـترە، هـەروەك بانگەشـە بـۆ لابردنـی مەزهەبـەکان لـەڕووی زانسـتییەوە شـتێکی نەگونجاوە، لەپاشان ئەوانەی کـە هـەوڵی ئـەوە دەدەن و لەسەر ئەو ئیجتهـاد و فەرمانـە فیقهییـان کۆدەبنـەوە کـە هەڵیدەبـژێرن یـان شـێخەکانیان و مامۆسـتاکانیان بۆیـان هەڵدەبژێرن، بێ ئەوەی بزانن یان نا، بناغەی مەزهـەبێکی فیقهـی تازەیـان دانـاوە، بـەوەش دەکەونـە بـەر ئـەو ڕەخنەیەی کە خۆیان لە خەڵکیان دەگرت.

## ٦٨- ئافرەتی موسوڵمان:

ئافرەتی مووسڵمان زوڵم و زۆردارییەکی زۆر گەورەی لێ دەکرێت لەسەر دەستی دوو لایەنی توندڕەوەوە:

**یەکەم:** پێڕاکێشانی عەلمانییەکان کە تێدەکۆشن بۆ خراپکردنی ئافرەتی موسوڵمان و دوورخستنەوەی لە ئایین و سروشت و کەرامەت و تایبەتمەندێتی خۆی.

**دووهەم:** پێڕاکێشانی دینداران کە دەیانەوێت ئافرەت مۆمیا و تەجمید و بەند بکەن و، نەهێڵن ڕۆڵی خۆیان لەژیاندا ببینن.

ئەوانەی خاوەنی ئەم تەرزەن لە بیرکردنەوە جێی تانە و لۆمەن، تەنانەت ئەگەر نیەتی خێریشیان هەبێت، زۆربەیان تێڕوانینیانن بۆ ئافرەت تێڕوانینێکی گوماناوی و بەکەمزانینە، هۆی ئەم بۆچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی هەڵە لە مەبدەئی (قیوامە) و نەزانین و نەفامیش بە مافەکانی ئافرەت و کەسایەتی ئافرەت لە ئیسلامدا.

هەروەها دەستەڵات پەیداکردنی نەریت و باوەکان، کە بەدرێژایی زەمەن لەسەر یەك کەڵەکە بوون و لەبەرەو پێشچووندا بەرگی دینیان پۆشیوە، لەکاتێکدا کە دین لەوان بێبەرییە.

بێگومـان پێویسـته لەسـەر موسـوڵمانان بەگشـتی و بـانگخوازانیش بەتایبـەتی کـە متمانـە بـەئافرەت بکـەن و لەگـەڵی دادپـەروەربن و زەمینـە سـازی بکـەن بـۆ ئـەوەی جێگەی خۆی بگرێتـەوە لەژیانـدا، لـە پێشـەنگی ئەوانـەدا ڕۆڵـی بـانگخوازیی ئـافرەت کـە ئـەویش سـوودی زۆری دەبێت.

دیارترینیان: بەجێهێنانی پڕەنسیپی دادپەروەری کە لە ئیسلامدا زۆر گرنگە و، سوود وەرگرتن لـە تواناکانیـان بـۆ کاری بـانگخوازیی، بەتایبـەتی لـەو بوارانـەدا کـە لـە پیـاو سـەرکەوتووترن، جگـە لـەوەش ڕێگـەگرتن لـەو کـەس و گرووپانەی کە دەیانـەوێت ئـافرەت بخەڵـەتێنن و وەهمـی ڕزگارکردنیان لە زیهندا دابنێن بە بەهانەی ئـەوەی زوڵـم و زۆری تووش هاتووە لێرە و لەوێ.

ئیسـلام ئـافرەتی بەشـێوەیەکی دادپەروەرانـە و هاوسـەنگ ڕزگـارکرد، مـاف و کەرامـەت و سـەربەخۆیی و سروشـت و تایبەتمەنـدێتی پاراسـت و، کـردی بـەنیوەی کۆمەڵ و خوشکی پیاو و کارگەی سازاندنی نەوەکان.

## ٦٩- هەمەلایەنی واتای پەرستن:

مەبەست لـە بـوونی مـرۆڤ پەرستنی خـوای گەورەیـە، وەك دەفەرمووێت: ﴿وَماخَلَقتَ الجِنَ وَالإنسَ إلا لِيَعبُدون﴾.

ئەم تێگەیشتنە فراوان و گشتگیرە بۆ واتای پەرستن وا لە مرۆڤ دەکات کە زیاتر گوێڕایەڵی خودای مەزن بێت و زۆریش دڵخۆش بێت بەو پەیوەندییەی کە بە خوداوە هەیەتی و زۆرتریش بەسوودبێت بۆ بەندەکانی خودا و وڵاتەکەی. جێی داخە کە ئەم تێگەیشتنە فراوانە لەلای زۆرێك نەماوە، یان تەنها لە دروشمەکانی پەرستندا کۆکراوەتەوە، بەڕادەیەك وای لێ هاتووە تەواوی پەرستن بە جێبەجێکردنی دروشمەکان دابنێن.

ئەوەی شایستەی بیرهێنانەوەیە لێرەدا ئەوەیە کە دابەشکردنی دەستەواژەیی لە کەلەپووریی ئیسلامدا بۆ (بیروباوەڕ و پەرستنەکان و مامەڵەکردن) دابەشکردنێکی زانستیانەیە، کە پێویستی دیراسە و فێربوون دەیخوازێت بێ کەم و زیاد.

بەڵام ئەم دابەشبوونە لای هەندێك بووەتە هۆی کۆکردنەوەی چەمکی (عیبادەت) لە دروشمەکانی پەرستندا، ئەوەش هەڵەیەکی زۆر قورس و گرانە کە خراپ تێگەیشتن بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی لەلایەك و دەرخستنی ڕووی پەرستن لە دروشمەکاندا بێجگە لە پەرستنەکانی تر لەلایەکی ترەوە، لەپێناوی ئەوەدا باوەڕمان بەچەمکی پەرستن هەیە بەمانا فراوانییەکەی کە پێشینان لەسەری

ڕۆیشتوون و هەموو موسوڵمانێك بانگ دەكەین بۆ هەڵگرتنی ئەم چەمكە بەشێوەیەك كە وشەی پەرستن هەموو شتێك بگرێتەوە، لە بیروباوەڕ و سیاسەت و دروشمەكانی پەرستن و مامەڵەكردن و ئاوەدانكردنەوەی زەوی و گەیاندنی پەیامی خودا و تام و چێژی حەڵاڵ و شادمانی و ئاسوودەبوون و باشی شت زانین و چاكەكردن و... هتد.

## ٧٠- بەرەو داهاتوو:

بەفەرمانی خودای مەزن كات لە بزاوتی بەردەوامدایە و ڕاناوەستێت، ئێستا كوڕی ڕابردووە و باوكی داهاتوویشە، بۆیە دەبێت لەكاری بانگەوازدا پەند لە كار و ئەزموونەكانی ڕابردوو وەربگرێت و باشیش مامەڵە لەگەڵ ئێستادا بكرێت خۆئامادەبكرێت بۆ داهاتوو، لەسنووری تواناددا دەست بە هۆكارەكانەوە بگیرێت، دوای ئەمە بە پشتبەستن بەخودا و باوەڕهێنان پێی كارەكان دەدەینە دەست پەروەردگاری هۆكارەكان.

لەبەرئەوە پێشبینی داهاتوو پلاندانان بۆی پێویستە لە كاری بانگخوازیدا، چونكە دەستووردانانە لەسەر گرتنەبەری ڕێگەی ڕاست و هۆكاری سەركەوتن. ئەگەر بانگخواز بەو شێوەیە ئەنجامیدا ئەوا باشی كردووە و،

ئەگــەر وای نــەکرد ئــەوا فــەرمانی چەقبەســتوویی و کـەنارگیری بەســەر خۆیـدا داوە و، پـاش ماوەیـەکی تــر دەبێتــە باسـێك لــەناو باســەکاندا و دەبێتــە کەسـێك کـە ئەرکی خۆی ئەنجام نەداوە و ڕۆژگار پێچاویەتیەوە.

ئیسلام ئایینی داهـاتووی مرۆڤەکانـە لـە زۆر کاروبـاردا دەیبیــنین، گرنگترینیــان ئەوەیــە بــەردەوام داوامــان لێ دەکات کە خۆمان ئامادە بکەین بۆ چاودێری خوای مـەزن و بۆ ڕۆژی ڕەسـتاخێز و لێپرسـینەوە، چـونکە داهـاتووی ڕاستەقینەمان لەوێیە.

هەموومان بەسەرهاتی پێغەمبەر یوسف (علیه السـلام) دەزانین کاتێك بەدانانی پلانێکـی داهـاتووی ژیرانـە وڵاتــی میصری لە برسێتی ساڵە وشکەکان ڕزگار کرد.

پێغەمبەر (د.خ) بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە گرنگی بە پلانـــــــدانان داوە لەهـــــــەموو کاروبارەکانیـــــــــدا بەوردەکارییەکانیشــەوە، ئــەوەتا لەســەرجەم بوارەکــانی ژیانیــدا ئــەو ڕاســتیەمان بەرچــاو دەکــەوێت وەك لــە کۆچکردنی یارانیدا بۆ حەبەشە و کـۆچ بـۆ مەدینـە و ئـەو پەیمانەی کە لەگەڵ یەهوددا بەستی و ئەو مەفرەزانەی کە دەینــاردن و بــڵاوی کردبوونــەوە، ئــەو جەنگانــەی کــە پێشەوایەتی دەکردن و ئەو نامانەی کە دەیناردن جگە لـە

ئاگاداربوونی کاروباری ناوچەیی و جیهانیی و سەرژمێری موسوڵمانان لە مەدینە و گەلێك شتی تر کە لە ڕێژینی پێغەمبەردا (د.خ) باسیان لێ کراوە.

## ٧١- کاردانەوە:

وریایی دەدەین لەسەر ئەو کاردانەوانەی کە هەندێك لە چاکسازان دووچاری دەبن کاتێك کە لادانێك دەبینن لە تێگەیشتن و ڕەفتاردا... زیدەڕۆیی دەکەن لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا یان مەودایەکی فراوان و ڕێ پێدراو بەرتەسك دەکەنەوە. (ئیمام محەممەد عەبدە) لە زاڵبوونی چەقبەستوویی و بڵاوبونەوەی خورافیات ترساوە، بۆیە زۆر جەختی لەسەر بەهای عەقڵ کردووەتەوە. شاعیری بەناوبانگ (محەممەد ئیقبال) پەژارە گیانی داگرتووە و وەختێك بینیویەتی موسوڵمانان لاوازن و پاڵیان داوەتەوە بەهۆی هەڵە حاڵیبوون لە قەزا و قەدەر، بۆیە بەهای مرۆڤی موسوڵمانی لەسەر تێکۆشان و کارکردن بەرز و باڵا کردووە.

وێنەیەکی تر باس دەکەین دەربارەی ئەو کەسانەی کە لە چەمکی بیدعەدا ڕۆچوون و قووڵ بوونەتەوە لەبەرئەوەی گەلێك بیدعەی سەرلێشێوێنەر و خراپیان

بینیوە کە زیانی بە ئایینی خەڵکی گەیاندووە و لە کاتێکدا دین لەوان دوورە، یان ئەو کەسانەی کە دەمارگیرییەکی مەزهەبی توند و خراپیان بینیوە لەکاردانەوەی ئەوەدا بانگەشە بۆ بێمەزهەبیی دەکەن، یان هەندێك کەس خەڵکیان بینیوە خەریکی ڕابواردن و خۆ گوزەرانین لە دەوروبەرێکی دیاردا بۆیە لەبەرامبەریدا زاهیدییەکی نەرێنییان هەڵبژاردووە.

## ٧٢- سەرکەوتن و شکستەکان:

لە مێژووی ئیسلامیدا زۆر شکۆمەندیی و سەروەری هەن کە مایەی شانازین و، لە تۆماری کاری ئیسلامیشدا شکۆمەندی زۆر هەن کە مایەی دڵخۆشی و شانازین. جا ئەو شکۆمەندییانە دەبنە بارگەیەکی بەسوود ئەگەر گۆڕدرا بۆ گیانێکی کردەوەیی بەرز، بەڕادەیەکی وەها وامان لێ بکات کە لە داهاتوودا چاوی لێ بکەین و وەك ئەو هەنگاو بنێین و، بەپێچەوانەوە ئەگەر بوو بە بارگەیەکی زیانبەخش دەگۆڕدرێت بۆ ڕۆحیەتێکی لاواز و بێهێز کە تەنها گۆرانی و خۆهەڵکێشانی بۆ دەمێنێتەوە.

هەروەکو دەزانین لە مێژووی ئیسلامیدا و لە تۆماری کاری ئیسلامیدا هەڵە هەیە، بەڵام ئەو هەڵانەی کە تیایدایە

دەبنە بارگەیەکی بەسوود ئەگەر پەندیان لێ وەربگرین و بەگیانێکی بنیاتنەرانەوە ڕووبکەینە داهاتوو، هەروەها دەبنە بارگەیەکی زیانبەخش ئەگەر لەوێدا ڕاوەستاین و تەنها گریان و لۆمە و لەخۆدانمان کردە پیشە.

## ٧٣- کاتێك کە ژیان دەبێتە ئەولەویەت:

شەهیدبوون پلەیەکی بەرزە، خوا خەڵاتی دەکات بە کۆمەڵە مرۆڤێکی هەڵبژێردراو، بەو دڵسۆزانەی کە خوازیاری شەهیدبوونن. بەڵام ژیان لەپێناوی خوادا وەکو مردن وایە لەڕێگای خوادا، جیهادێکی خوازراو و بەهانەدارە، بگرە لەوانەیە ژیان لەڕێگەی خوادا بەسوودتر بێت بۆ موسوڵمانان وەك لە مردن لەڕێگەی خوادا. ئەوەش کاتێك بانگخوازان وزە و تواناکانیان بۆ پشتگیری دین و خزمەتی ئوممەتی ئیسلامی و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و پێشکەشکردنی نموونەیەکی بەرز و شکۆمەند بۆ کۆمەڵگای موسوڵمان سەرف بکەن، ئەو کۆمەڵگایەی کە جێی سەرسوڕمانی خەڵکی دەبێتو هانیان دەدات بۆ چاولێکردنی.

## ٧٤- یاخیبوون و گوێڕایەڵییەکان:

دڵەکان یاخیبوون و گوێڕایەڵییان هەیە، ئەندامەکانی لەشیش هەروەکو ئەوانن، بەڵام کارەکانی دڵ پێش کاری ئەندامەکانی لەش دەکەوێت، چونکە پەیوەندی بەدڵەوە هەیە و ئەویش جەوهەری مرۆڤە و، هانمان دەدات بۆ گوێڕایەڵی یان یاخیبوون. ڕزگاربوون لە یاخیبوونەکانی دڵ گرانترە لەچاو ڕزگاربوون لە یاخیبوونی ئەندامەکانی لەش. بەدەستهێنانی گوێڕایەڵی دڵان گرانترە لە بەدەستهێنانی گوێڕایەڵی ئەندامەکانی لەش، موسوڵمان پێویستە لەسەری لە گوناه و یاخیبوون دوور بکەوێتەوە و پەیوەست بێت بە گوێڕایەڵیەوە بەرامبەر هەردووکیان پێکەوە، بەوەش هاوکێشەی خوازراوی بۆ جێبەجێ دەبێت لەنێوان ڕواڵەت و جەوهەردا و، لەنێوان وێنە و ناوەڕۆکدا و لەنێوان ڕاستی نیەت و جوڵەی لەشیشدا.

## ٧٥- دینداریی و دینداریی:

دینداریی ڕاست عەقڵێکی هۆشیار و دڵێکی ساغە، خاوەنەکەی وەك خاڵێك وایە بەڕووەوە، لەناو خەڵکدا نموونەی کەسێکی خۆشەویستە و جێگەی سەرسامیی و چاولێکردنە، ئێمە لە کاتێکدا کە دینداری ئاوامان دەوێت

دەبێت وریاش بین لەسەر پێچەوانەکەی، کە دیندارییەکی ناپوخت و فیڵاوییەو لە عەقڵێکی شێواو و ناتەواوەوە هاتووە یان لە دڵێکی نەخۆشەوە پەیدابووە یان هەردووکیان پێکەوە، چونکە لە هۆکار و دەرئەنجامدا بۆ بەرژەوەندییەکان و وەهمەکان یان هەردووکیان پێکەوە کاردەکات، خاوەنی ئەم جۆرە ڕەفتارانە بێزراون لەناو خەڵکیدا و نموونەیەکی نەویستراون.

دینداریی خەوشدار و ڕواڵەتیی لەڕابردووەوە تاکو ئێستاش هۆکارێکی ڕێگرە لەبەردەم بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ئاینی خوای گەورەدا، لەپاشان شوێنەوارە زیانبەخشەکانی زۆر خراپترە لە شوێنەواری گوناه کە خاوەنەکەی لەسەر دین هەژمار ناکرێت.. لەنموونەی دیندارییەکی تری ناپوخت فێربوون و شارەزابوونی ڕواڵەت و وێنەی دەرەوەیە و پشتگوێخستنی ڕاستەقینە باطنییەکان و گرنگیدان بە سوننەتەکانە لەسەر حیسابی واجب و فەرزەکان و ڕووکردنە بەرژەوەندی کەسایەتی و پشتگوێخستنی بەرژەوەندی گشتییە و، هەروەها شێوازێکی ئەم جۆرە دیندارییە ئەوەیە کە خاوەنەکانیان هەواو هەوەس و کەم و کورتی دەکەنە پۆشاکی دین، چاوەڕێی جێگەیەکن شایستەی نین و دەکەونە

عەیبداركردن و بەكەم و كورتگرتنی كاری ئەو كەسانەی كە بەلێهاتوویی و توانای خۆیان پلەو و پایەیەكی بەرز یان جێگەیەكی بەڕێزیان بەدەست هێناوە.

## ٧٦- ئەو فەرموودانەی كە لە فیتنە و داستانەكان دەدوێن:

ئیسلام بەفەرمانی خودا ئایینێكی پارێزراو و سەركەوتووە و، داهاتوو بۆ ئەوە ئەگەرچی نەیارانیشی پێیان ناخۆش بێت. ئایەتەكانی قورئان و دەقەكان و فەرموودەكانی پێغەمبەر (د.خ) و مژدەبەخشە واقیعییەكان و ژانەكانی داهاتوو لەسەر ئەوە دوواون، بۆیە دەبێت بانگخوازان بەتەواوی متمانەیان بەم هیوا و ئاواتە هەبێت، چونكە لەدەستپێكدا دروست و ڕاستە، لەپاشان ئەم متمانەبوونەیان یارمەتییان دەدات لەسەر تێكۆشان و پشتگیری و پشتیوانی. ئەوەی كە شایستەیە لێرەدا بوترێت ئەوەیە كە زۆربەی ئەو فەرموودانەی لە فیتنە و داستانەكان دەدوێن لاوازن و، ئەو فەرموودانەی كە ڕاستیشن و دەلالەت لەسەر ئەوە دەكەن كە كاروباری ئوممەتی ئیسلامی بەردەوام لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕوات.. تایبەتمەندێتی زەمانیی یان مەكانیی یان كەسێتییان هەیە كە سیفەتی دڵنیابوونیان

قەدەغــەدەکرێت و، بڵاوکردنــەوە و گشــتاندنیش بــەو دەلالەت و مانایانـەوە هەڵەیـەکی زۆر گـەورەترە، چـونکە ئەو دەرخستە هەڵانە پێچەوانەی دەقە شەرعی و ڕاشکاوە گشتی و بەهێزەکانە کە وەعدی سەرکەوتن بـە ئیمانـداران دەدەن، هەروەها پێچەوانەی یاساکانی خوایە لە کەونـدا و پێچــەوانەی ڕووداوە مێژووییــە کــۆن و نوێیەکانیشــە، هەروەها پێچەوانەی دادپەروەریی خودای مەزنـە، مەحاڵـە کـە خـوای مـەزن بەنـدەکانی بـۆ سەرخسـتنی دینەکـەی ڕاسـپێرێت و کەچـی وەعـدی فـەوتانیان پـێ بـدات و وا هەست بکەن کە بێ چەندوچوون دۆڕاو و بەزیون.

لەکاتێکدا ئێمە ئەوە دەزانـین کـە لـە بـەش تێدەگـەین لـەژێر ڕۆشـنایی هـەموودا (کـل) و لـە گومـان و دوودڵـی تێدەگەین لە ڕۆشنایی دڵنیاییەوە بەوە ئەو فەرموودانـەی کە لەسەر فیتنە هـاتوون دەخەینـەوە جێگـە و بارسـتایی دروستیی خۆیان و لەسەر دڵنیایی خۆمان دەمێنینەوە کە ئیسلام ئاینێکە بە فەرمانی خودای مەزن سەرکەوتووە.

## ٧٧- خۆشگوزەرانیی و بەهەدەردان:

بەهــــەدەردان یـــان (بـــەبێ هـــودە ســـەرفکردن) گەندەڵییــەکی دارایــی ترســناکە کــە بــەرەو گەنــدەڵیی دیکەمان دەبات لەهــەموو ڕووەکــانی ژیانــەوە، لەبەرئــەوە ئیســلام لــەدژی گەنــدەڵیی و ئەبلــە خــەرجی؟ جــەنگاوە، بڵاوبوونـــەوەی لـــەناو هـــەر گـــەل و نەتەوەیەکـــدا بێـــت ئاگادارکردنەوەیە بـۆ ئـەوەی بـەرەو لەناوچـوون دەڕوات. لێرەوەیە کە بانگخوازان لەسەریانە بەرهەڵستی گەنـدەڵیی بکەن و لەگەڵیدا لەدژی بجەنگێن.

بەڵام لێـرەدا گەندەڵییــەکی تــر و ئارەزووبازییــەکی تــر هەیـــە کـــە لەوانەیـــە مەترســـیدارتربێت و پێویســـتە بەرهەڵسـتیی بکـەین، ئـەویش ئارەزووبـازی عەقڵییــە کــە لــەناو هەنــدێك لــە بانگخوازانــدا یــان ئەوانــەی کــە خۆیــان بەبانگخواز داناوە بڵاوە.

بۆ نموونە: ئەم ئارەزووبازییە دیارە لـەلای ئـەو کەسـانەی کە خۆیان یەکلاکردووەتـەوە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەو (فرقـە) و (تایەفانـــەی) کـــە دواییيـــان هـــاتووە بـــە خۆیـــان و بیروباوەڕیانەوە و ئەمڕۆ هیچ گرفتێك بـۆ ئوممـەتی ئیسـلامی دروست ناکەن، دەبیـنین کـە کەسـانێك لـەوان فەصـلێك یـان بابــەت و پــەڕاوێك دەنووســن کــە دەشــێخوێننەوە نــازانن

بەتەواوەتی چیان دەوێت. هەندێکی تریان زانیارییەکی زۆر کەڵەکە دەکەن کە وەکو پێویست خزمەتی بیروباوەڕەکەیان ناکات، دەگونجێت کە هیچ کات ڕاستیی و دروستیشی تێدا نەبێت تەنها لەبەرئەوە دەینووسن کە خوێنەر وا لێ بکەن وەها بیناسن کە کەسانێکی جیاوازن و خاوەن زانیاریی فراوانن و دەبێت شوێنیانبکەون و گوێڕایەڵیان بن. یان دەبینین کە هەندێك کەس بابەت و وتەیەکی خواروخێچ و پێچراوە دەنووسن بەهۆی ئەوەی ئەو فیکرەی کە هەیانە تەمومژاوییە یان بوێر نییە لە وتنیدا، ئیتر بەهەر هۆیەکەوە بێت. ئەم نموونانە و هاوشێوەیان جۆرێکن لە ئارەزووبازیی و گەندەڵیی عەقڵیی.

ئەم ئارەزووبازیی و تەرەفە عەقڵییە هاوشێوەی ئارەزووبازیی و گەندەڵیی داراییە ئەگەر خێراتریش نەبێت، دەبێت بانگخوازی ڕاست و دڵسۆزی لێ ئاگادار بکرێتەوە، چونکە ئەوە کات و تێکۆشان و ماڵ و پاداشت بەهەدەر دەدات و ڕاکردنیشە لە بەرپرسیارێتی ڕاستەقینە، لەوانەشە فریودان و لەخۆنزیکردنەوە و هەڵخەڵەتاندنیش بێت لەلایەن هەر لایەنێکی ترەوە نیەتی باشە ئەگەر هەشبێت هیچ لەو دەرئەنجامە ناگۆڕێت.

## ٧٨- ئایینی یەکبوون و یەکتاپەرستیی:

ئیسلام ئایینی یەکتاپەرستی و یەکبوونە، ئوممەتی ئیسلامیی پەروەردگاری خۆی بەتاك و تەنها ڕادەگرێت لەئاسماندا و لەزەویشدا جوولەی بەیەکتایی دەبینێت.

لەبەرئەوە دەبێت بزانێت کە کاری بانگخوازی بانگهێشتکردنە بۆ یەکتایی فیکر و هەست و کارتیاکردن و ئاگادارییش دەدات لەبارەی جیابوونی فکیری و هەستیی و جێبەجێکردنەوە.

یەکتاپەرستیی هێز و بەزەیی و بەرەکەت و کارابوونە، هەروەها مایەی یارمەتی خودایە بۆ سەرکەوتن، لەکاتێکدا هاوەڵ بڕیاردان پێچەوانەی ئەوەیە.

دەبێت ئەوەش بزانین کە کاری بانگخوازیی نەیتوانیوە دەستکەوتی زۆر پێشکەش بە ئوممەتی ئیسلامیی بکات لەچاو ئەو تێکۆشان و قوربانییە زۆرانەی کە داویەتی لە پێناویدا، لەگەڵ ئەو پاشمەندە (رصید) گەورەیەش کە بەدەستیەوەیەتی و لەگەڵ ئەوەشدا کە گوزارشتکاری ڕاستەقینەی هیوا و خەمەکانیەتی، ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانەش ئەو ناکۆکیی و جیاوازییەی کە تووشی کاری ئیسلامیی بووە و هەندێك جار گەیشتووەتە ئاستی دوژمنایەتی و ڕق لێبوونەوە.

ئەوەی کە یارمەتیدەری یەکبوونێکی خوازراوە، یاخود نزیکبوونەوەیە لێی بریتییە لە دڵسۆزیی لە نیەت و ناخدا بۆ خوای گەورە و، بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و، وازهێنان لە دەمەقاڵێ لەسەر بابەتێك کە لەپەراوێزی بیروباوەڕ یان لە بەش و لقەکانی فیقهی ئیسلامیدایە کە پێشین جیاوازبوون لەسەری و ئەوانەی دوای ئەوانیش مشتومڕیان لەسەر کردووە و، ئەوەی ڕاستی پێکاوە لە بارەیانەوە پاداشتی لای خوایە و ئەوەیشی کە هەڵەی کردووە لە بارەیانەوە لۆمەی ناکرێت.

## ٧٩- دژبەیەکە بەسوودەکان:

لەو وەهمە بەربڵاوانەی کە بۆ هەندێك بانگخوازان دروستبووە ئەوەیە کە هێزە نەیارەکانی ئیسلام بەردەوام بە یەکڕیزی دژ بە ئیسلام وەستاون. ڕاستییەکەش ئەوەیە کە هێزە نەیارەکان جارێك لەسەر جەنگاندن لەگەڵ ئیسلامدا کۆدەبنەوە و جارێکی تریش جیاواز و ناکۆکن لەگەڵ یەکتری.. بەڵکو لەهەندێك کاتدا هەڵوێستی وا دەگرنەبەر کە دەبێتە مایەی سوود بۆ ئیسلام و موسوڵمانان، بەچاوپۆشین لەو هۆکار و پاڵنەرەی کە لەپشت ئەو هەڵوێستەوەیە.

لەبەرئەوە دەبێت عـەقڵی موسـوڵمان دیراسـەی هێـزی نەیارەكانی بكات و بـەوردی ناكۆكیـەكانی نێوانیـان دەرك بكـات و ئـەو ناكۆكیانـە بـۆ بەرژەوەنـدی وڵات و خـەڵكی بەكاربهێنێت، بەڵام ڕۆچوون لە گومان و وەهمی گشتاندن پێچــەوانەی ســوننەت و یاســای خودایــە و هــەروەها پێچـەوانەی ڕاسـتییەكانی مێـژووە لـە كۆن و نوێـدا. ئـەو وەهمە تەمەڵییەكی عەقڵییـە خاوەنـەكانی دەیانـەوێت لـە بــەكارهێنانی عەقڵــەكانیان ڕابكــەن بــۆ چــاودێریكردنی ناكۆكییـــەكان و داهێنـــانی چارەســـەر، هـــەروەها خەڵەتانـدنێكی دەروونییـە كـە خاوەنـەكانیان دەیانـەوێت تــەڵقینی خۆیــان بــدەن پێــی گوایــە ئــەوان بەهانــەیان بەدەسـتەوەیە لـە تەمـەڵی و ترسـنۆكیان، چـونكە ئـەوان ڕووبـەڕووی هێزێـك دەبنـەوە كـە هـیچ توانایـان نییـە لـە بەرامبەریدا بووەستن.

## ٨٠- جێبەجێكردنی فەرمانەكانی خودا:

لێـرەدا پرسـیارێكی گـرنگ هەیـە ئـەویش ئەوەیـە كـە: چۆن فەرمانەكانی خودا جێبـەجێ دەكرێـت لـەو وڵاتانـەدا كە خۆری ئایینی ئیسلامیان لێ ئاوابووە، تاكو بگەڕێنـەوە جێگـەی سـەروەری خۆیـان وەكـو كـە هـەبوون؟ سـەرەتا

ژیرێك نییە لاف ئەوە لێ بدات و بڵێ تـەنها یـەك چارەسـەر هەیە بەکەڵکی هەموو بارودۆخەکان بێت و، لەوانەشە ئـەم چارەسەرەی لێرەدا ئاماژەی پێ دەکـەین گونجاوبێـت بـۆ زۆرێك لەوانە.

پێویستە بانگخوازان بەبەردەوامی بەشـێوازێکی ئاشـتیانە و ئاشـکراو داوای جێبـەجێکردنی حوکمـەکانی خـودا بکـەن و بەکۆڵنەدان لێبڕانەوە هەمووان بە ئـەرك و مافـەکانیان ئاشـنا بکەن. لە سـوودی ئـەم شـێوازە لابردنـی گومـان و دوودڵییـە لـــەلای دەســـەڵاتداران یـــان کەمکردنەوەیـــەتی، ئەمـــەش بەسـوودە بـۆ فـەرمانڕەواکان و بـانگخوازانیش وەکـو یـەك، هەروەها وروژانـدنی خێرخوازییـە لـەدەروونی دەسـەڵاتداراندا کە پەنهانە و نایانەوێت کاری لەسەر بکەن، بەهۆی لاوازییـان یـان تـرس و ئارەزووەکانیانـەوە، هـەروەها سـودێکی تـری ئەوەیـە بـە پلەبەنـدی جێبـەجێ دەکرێـت کـە لـە بـازدان باشـترە، هـەروەها بۆئەوەشـە کـە کـرداری داواکردنەکـە بـەو شـێوازە دووربێـت لـەوەی کەسـێك خـۆی بخاتـە ناویانـەوە و تێوە بگلێن... کەسێکی هەڵـەباز یـان کەسـێکی تەمـەڵ یـان کەســـێك بێـــت بـــەپلان لەناویانـــدا بێـــت، داواکردنـــە ئاشـــتیخوازانەکەیان لەهـــەموو ئەوانـــە دەیانپارێزێـــت و، تواناشیان دەبێت هەڵـەکان ڕاسـت بکەنـەوە، چـونکە هـۆی

بەئاشـکرابوونی کارکردنـەوە هەڵـەکانی کـار دەخرێتـە ڕوو، بەپێچەوانەی نهێنیبوونەوە کە هەڵەکانیش دەشارێتەوە.

سەرەڕای ئەمەش ئەرکی بانگخوازانە کە لەناو دەروونی خۆیاندا لەگـەڵ خۆشویسـتنی پلەوپایـە و سـەرۆکایەتی و ئارەزووی دەسەڵات بجەنگن.

بەئاشکراش ئەمە ڕابگەیەنن کە هەستێکی ڕاستە و پێچ و پەنای تێدا نییەو دەسـەڵاتیان ناوێـت بـۆ خۆیـان، بـەڵکو بـۆ ئەوەیان دەوێت کە لەڕێگەیەوە فەرمانەکانی خـودا جێبـەجێ بکرێت... لە خزمەتی هەرکەسێکدا دەبن کە ئەو کـارە بکـات لێـرەدا وا باشــە ئــەم ئامۆژگارییــە ژیرانــە و حەکیمانــەی مامۆسـتا (ئـەبو حەسـەنی نـەدوی) بـەردەوام بڵێینـەوە و بیخەینـە پـێش چاومان، ئـەویش ئەوەیـە کـە دەڵێـت: "پـێم باشـترە کـە ئیمـان بگوێزرێتـەوە بـۆ خـاوەن کورسـییەکان لەوەی کە خەڵکی ئیماندار بگوێزرێنەوە بـۆ کورسـییەکان".. لـەم ئامۆژگارییـەدا ئیلـهامێك و تـەوفیقێکی خـودایی هەیـە شایسـتەی ئەوەیـە کـە بـانگخوازان بەبـەردەوامی لەهـەموو بارودۆخێکـدا لەبـەر چـاویان بێـت ئـەویش ئەوەیـە کـە جێبـەجێکردنی فەرمانـەکانی خـودا تـەواو نابێـت لـەناو هـیچ دەوڵەتێکـدا مەگـەر زۆربـەی خەڵکەکـەی قەناعـەتیان پێـی هەبێت بەبێ ئەوەی زەبر و زۆریان لێ بکرێت.

## ٨١- هەر خۆیان بەرپرسیارن:

پڕوپاگەندەیەك هەیە لای زۆرێك لە بانگخوازان كە گوایە ئەمان لە دەرئەنجامی تێكۆشانە بانگخوازییەكەیان بەرپرسیارنین كاتێك كە بە تێكشكان كۆتایی پێ دێت، ئەمەش پێویستی بە لێكۆڵینەوە و وردەكاری هەیە كە فەرمان بدات بەسەریدا ئەگەر وانەبێت هەركەسێك بەو ڕەهاییە قەناعەتی پێی هەبێت مەترسییەكی گەورەیە، ئاسانترینی نەبوونی لێپرسینەوە و لێپێچینەوە و یەكسانكردنە لەنێوان چاكەكار و خراپەكاردا.

ئەگەر بانگخوازان دڵسۆزبوون بۆ خودای مەزن و باڵا، ئەوا لەئەنجامدانی كارەكانیاندا بەدوای ڕاستی و دروستیدا دەگەڕێن و بەپێی توانایان هەوڵ و كۆششی خۆیان دەخەنەكار، ئیتر لەسەر ئەوەش سوپاسكراون ئەگەر سەركەوتنیان بەدەستهێنا و بەهانەشیان هەیە ئەگەر تێكشكان. جا ئەگەر یەكێك لەو سێ مەرجە یان زیاتری دیارنەما ئەوا بەتێكشكان كۆتاییان دێت و خۆیان بەرپرسیارن لەوەی كە پێی گەیشتوون.

## ٨٢- خۆبەزل زانین بەڵام:

بەرزخوازی بەسەر خراپەدا سیفەتێکی چاکە و بەڵگەیە لەسەر عەقڵ و دڵ ئاوەدانی لەئەنجامی پشتبەستن بەخوای مەزن و متمانەیەکی چەسپاو بەڕاستی و دروستی دینەکەی کە بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵام هەندێك جار باوەڕدار دەکەوێتە هەڵەیەکی گەورەوە ئەگەر خۆبەزل زانینەکەی بەسەر (باطل)دا بگۆڕێت بۆ بەرزخوازی بەسەر ئەو کەسانەی کە بانگیان دەکات، کە ئەمەش خۆبەزل زانینێکی خواروخێچ و لادەرە و فریودانێکە لە فریودانەکانی (نەفس). خاوەنی ئەم جۆرە سیفاتە وەهم و گومانی وایە کە خۆی لەوانی تر باشترە، لەبەرئەوە دەبێت لێیان جیاببێتەوە، تاوەکو بەهۆی خراپەکاری ئەوانەوە پیس نەبێت و زانستەکەی نەئاڵێ بە نەزانیی ئەوانەوە و بەرزێتیشی نەچێتە ئاستی نزمایییەوە.

جا ئەگەر گەیشتە ئەم بارودۆخ و قۆناغە ئەوا نە زۆر و نە کەم بە بانگخواز دانانرێت، بەڵکو بووەتە کەسێکی بارگران بەسەر بانگەوازەوە، بۆیە دەبێت بانگخواز خۆبەزل بزانێت لەبەرامبەر خراپە و ناهەقدا نەك بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بانگیان دەکات. بەڵکو لەسەریەتی

شـــوكرانەی خـــوای مـــەزن بكـــات كـــە كردوویـــەتی بـــە خزمەتكاری ئەوان، ئەویش بە خۆشویستنیان و ئارامگرتن لەگـــەڵیان و وروژانـــدنی خێـــر لـــە دەروونیانـــدا، بـــەوە بـــەرزخوازی گەڕاندوەتـــەوە جێگـــەی شایســـتەی خـــۆی و ڕزگاریشی بـووە لـە فریـودان و خەڵەتانـدنی نـەفس، ئـەو خۆبەرز زانینەش بۆ مەبدە ‌ئ و حەق دەبێت، نەك خۆبەبەرز زانینی بۆ تاك و حیزب.

## ٨٣- شەونخونیەكی بەتاڵ و هۆشبەر:

هەروەها لە فریودانـەكانی نـەفس ئەوەیـە كـە هەنـدێك بانگخواز لە بۆنە جیاجیاكانـدا بەیـەك دەگـەن و ماوەیـەك پێكـــەوە بەســـەردەبەن، ئـــەوەش زیـــاتر لـــە دەمەتـــەقێی بەتاڵـــەوە نزیكـــە وەك لـــە كـــارێكی بەســـوود... دەكەونـــە گفتوگـۆ و ئاخـاوتن و شـەرق و غـەرب بەیەكـدا دەدەن و ڕەخنـە لـەم و لـەو دەگـرن و ئـەم لایەنـە و ئـەوی تـریش بێبـەش ناكـەن لـە ڕەخنـە، دەفـری ڕق و كینـەی خۆیـان بەسەر كارێك لەناو كارەكاندا دەڕێژن و، خۆزگە دەخـوازن و زیادەڕۆییش لە كـارێكی تـردا دەكـەن. لەپاشـان چـۆڵی دەكـەن بـێ ئـەوەی كـارێكی بەكـەڵكیان كردبێـت... وا گومـــانیش دەبـــەن كـــە لـــەوەدا بەهانـــەیان هەیـــە لای

پــــەروەردگاریان و بــــەپێی توانــــا دینەکــــەی خوایــــان سەرخستووە، لەڕاستیشدا بە هیچ شتێك دینیان سەر نەخستووە، بەڵكو خۆیان فریوداوە بەو زۆربلێییەی کە هەر ناوەناوێك دەگەڕێنەوە سەری و دەست پیٚ دەکەنەوە و بیٚ کارییەکانی پیٚ پڕدەکەنەوە پێی و حەزی زۆر وتنی خۆیان ڕازیدەکەن.

ئەم کارەیان خۆخاڵیکردنەوە و پشوویەکی درۆزنانەیە لەوەی کە هەستی پێدەکەن زیاتر لەوەی کە حەز بە خزمەتی دینی خوابکەن و، بەوە خۆیان لە خشتەدەبەن و هەندێکی تریشی پیٚ فریودەدەن، لەناو خۆشیاندا ئاڵوگۆڕی لەیەك ڕازیبوونی وەهمی دەکەن و لە ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆیان ڕادەکەن، بەرگ و پۆشاکی دینداری دەدەن بەسەر زۆربلێیی و لاوازیی و نەریتی خۆیاندا کە نە کەم و نە زۆر شایستەی نین.

## ٨٤- میانەڕەوی و مامناوەندێتی:

ئیسلام ئایینێکی میانەڕەو و مامناوەندییە و دوورە لە هەردوولا بێزراوەکەی زیادەڕۆیی و شل گیرییەوە، خوای مەزن شتایشی موسڵمانان دەکات و دەربارەیان دەفەرمووێت: ﴿وَكذلك جَعَلناكُم أُمَةً وَسَطًا﴾ البقرة: ١٤٣.

(وسـط) بـەمانای دادپـەروەر و خێرخـواز دێـت، چـونکە باشـترین شـتێك ناوەڕاسـتەکەیەتی، لـەڕادە پێڕاکێشـان و ڕۆچوون و لێکەمکردنەوە بێزراوە، مامناوەنـدێتی ئیسـلام لەهـەموو بوارەکـانی ژیانـدا دەردەکـەوێت و حوکمـەکانی دیاری کراوە، چونکە دینی ئیسـلام هەمەلایەنەیـە و کۆتـا دینە، بۆ نموونە موسوڵمان دەستبەرداری دنیـا نابێـت لـە ژیاندا بەشێوەیەکی وەها کە لە ئاوەدانکردنەوە لایبدات و نەهێڵێت ئەرکەکانی خۆی لە دنیادا ئەنجام بـدات و ببێتـە کۆڵ و بارگرانی بەسەریەوە.

هەروەها ڕووی تـێ ناکـات وەك کەسـێکی بەهەڵپـە کـە بیـەوێت لـە دنیـادا بـەردەوام خـەریکبێت بـژێویی خـۆی زیادبکـــات و ســـەریەکی بخـــات، بـــەڵکو بـــەئارامیی و میانەڕەوی و هاوسەنگییەوە بۆی دەچێت هەروەکو چـۆن ئەو میانەڕەوی و مامناوەندێتییەش دیارە.

لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی و داواکردنی بژێویدا یان لـە پەرستشـــەکاندا و لـــە مـــاڵ و ســـامان خـــەرجکردن و مامەڵەکردنـــدا، لـــە بـــەرگ و پۆشـــاك و، لـــە ڕاگرتنـــی هاوکێشەیەکی دادپەروەرانەدا لەنێوان خواستەکانی تاك و کۆمەڵدا، لـە مـاف و ئەرکـدا لـەدابینکردنی مـافی لاشـە و

ڕۆحدا، هەروەها بایەخدان بە عەقڵ و دڵ بەبێ زیادەڕۆیی و زیان پێ گەیاندن.

شـــــلگیریی بێـــــزراو و لۆمـــــەکراوە، چـــــونکە بەرژەوەندییـەکانی تـاك و کۆمـەڵ دەفـەوتێنێ، هـەروەك چۆن پەڕگیریش لۆمەکراوە، چونکە پێچەوانەی سروشـتی مرۆڤەکانە کە ناتوانێت هەڵیبگرێت لەبەرئەوەشە ڕۆچـوون هەرکورت دەهێنێت و لەناو نـاخی خۆیـدا تـۆوی فـەوتانی خۆی هەڵگرتووە.

خوای مەزن لێرەدا ئیسلامی وەك ئـایینێکی مامناوەنـد و میانـــەڕەو بـــۆ مرۆڤـــەکان دیـــاریکردووە و، مرۆڤیشـــی دروستکردووە و ئەم ئایینەی پێ سپاردووە. خـوای مـەزن و پـــەروەردگار کـــە سروشـــتی مـــرۆڤ و توانـــا و هێـــز و لاوازییەکانی دەزانێت پەیامێکی بۆ ناردووە کە بـەگوێرەی تواناکانیەتی.

## ٨٥- جیاوازیی و جیاوازیی:

ئیسلام بەهای پێکەوەبوون و یەکبوون بەرز ڕادەگرێـت و هانیشـــمان دەدات بـــۆی و وریـــاییش دەدات لەســـەر جیابوونەوە و ناکۆکی، بەڵام دان بە جیاوازیی هەمەجۆری نێـوان مرۆڤەکانـدا دەنێـت کـە ئـەوەش هـەردەبێت بگـات

بەجۆرێك لە جیاوازیی كە یەكێكە لەیاساكانی خودای مەزن لە ناو بەدیهێنراوەكانیدا.

جیاوازیی دوو جۆرە، بەسوود و زیانبەخش، بەڵام بەسوودەكەیان بریتییە لە جیاوازیی ڕاوبۆچوون، چونكە ئەزموونی مرۆڤایەتی دەوڵەمەند دەكات و لەگەڵ سروشتی مرۆڤەكان گونجاوە. خوای دانا و بەتوانا ویستی وابووە كە مرۆڤەكان خەلقبكات و جیاوازبن لەڕووی توانایی عەقڵیی و تێگەیشتن و شێوازی بیركردنەوە، هەروەكو چۆن جیاوازیشن لە خوو و حەز و ڕەنگ و قەبارە و شێوەدا، بەڵام ئەو جیاوازیەی زیانبەخشە بریتییە لە جیاوازیی دڵەكان كە خوای گەورە قەدەغەی كردووە و دەفەرموویێت: ﴿واعتصموا بحبل الله جميعًا ولا تفرقوا لا تمزقوا﴾ آل عمران: ١٠٣.

بێگومان كە جیاوازیی جۆر بەسوودە، وەكو داگیرساندنی چەند مۆمێكە و هەركاتێك ژمارەكەیان زیادبكرێت ڕووناكیەكەشیان زیاد دەبێت و یەكتری ناكوژێننەوە.

بەڵام جیاوازیی زیانبەخش بریتییە لە جیاوازییەك كە دژ بەیەكترین و سەریشی لەناكۆكی و دوژمنایەتییەوە

دەردەچـــێت و خەڵکـــە جیاوازەکـــانیش لاوازدەکـــات و شکستدەهێنن و توانا و هێزیان دەفەوتێنێت.

سەرەڕای ئەوەی کە باسکرا، ئەوە دووپات دەکەینەوە کـە لـە ئیسـلامدا ناوچـەیەکی داخـراو هەیـە کـە نابێـت جیاوازیی بگاتێ، چونکە بریتین لە نەگۆڕەکان کە شوناس و ڕۆح و پـەیام و یـەکێتی بیروبـاوەڕ و ڕەفتـار و هەسـتی ئوممـەتی ئیسـلامیی دەپـارێزن، کـە ئـەوانیش بـریتین لـە (بیروبـــاوەڕ و پەرستشـــەکان و ڕەوشـــت و فەرمانـــە یەکلاکەرەوەکان) ئەمـەش داوای ئـەوەمان لێ دەکـات کـە فێـری فیقهـی جیاوازییـەکان و ئادابـەکانی بـبین و دان لـە جیاوازییەکاندا بەمافی ئەوانەی تردا بنێین لەسـنووری ڕێ پێدراوی شـەرعیدا، لەوانـە جیـاوازی دیـد و بۆچـوونە لـەو کاروبارانـــەدا کـــە پەیوەنـــدییان بـــە کۆمەڵـــە ئـــامراز و شێوازێکەوە هەیە کە قابلی ئاڵوگۆڕ بن بـەپێی بـارودۆخی جیاواز و کات و شوێن.

## ٨٦- هەڵهاتن و هەڵهاتن:

هەنـدێك لـە ڕۆڵـەکانی بانگـەواز ڕادەکـەن بـەرەو ڕووی ڕابـردووی گەشـی ئوممـەتی ئیسـلامی و زۆر باسـی لێـوە دەکەن و گۆرانی پێدا هەڵدەدەن و ئینتیمای خۆیـانی بـۆ

دەردەخەن.. بەبێ ئەوەی شتێکی کەم یان زۆر ئەنجام بدەن لەو کارانەی کە توانایان هەیە بەسەریدا، بەو ڕەفتارەشیان وا گومان دەبەن کە لە کەمتەرخەمی و کەم و کورتی پاك بوونەتەوە. هەندێکی تریان ڕوودەکەنە ئێستای کەساس و کلۆڵی ئوممەتی ئیسلامی و دەستدەکەن بە گلەیی و گازەندە و گریان و لۆمەکردن.. لەدەرئەنجامدا بەحەق و ناحەق کلۆڵیی و کەساسیەکەیان دەدەن بەسەر ئەم لایەن یان ئەوی تردا.

بەبێ ئەوەی کەم تا زۆر کارێکیان بۆ کردبێت کە توانایان بەسەریدا هەیە بەمەش خۆیان وا دادەنێن کە بەرپرسیارێتیان لەسەر شانی خۆیان لابردووە.

جۆری سێهەمیان ڕوودەکەنە داهاتوو هیچ کارێك ئەنجام نادەن بەڵکو چاوەڕوانی هاتنی کەسێکن دینیان بۆ نوێ بکاتەوە، یان چاوەڕوانی مەهدی، یان سەرکردەیەکی ئیلهامبەخش یان پاڵەوانێکی ڕزگارکەر دەکەن، وا گومان دەبەن کە پەیدابوون و هاتنی دەروازەیەکە بۆ چارەسەری هەموو گرفتەکان و گەیشتن بەهەموو هیواکان بەبێ ئەوەی حسابێك بۆ ئەو یاسا گەردوونیانە بکەن کە یەك بەدوای یەکدا دێن و بێلایەنن، هەروەها ئەو نەریت و خووە باوانەش کە هەن. ئەم سێ چەشنە لەڕاستیدا هەرسێکیان

کەسانێکن هەڵدێن و ڕادەکەن لەبەرپرسیارێتی ئەو کارەی کە دەتوانن ئەنجامی بدەن و نایشیکەن و بەهانەشی بۆ دەدۆزنەوە لەبەر بێتوانایی خۆیان و خۆفریودان، ئەمانە بارن بەسەر کاری بانگخوازیی و ژیانەوە.. ئەوەی کە لێرەدا پێویستە بکرێت ئەوەیە موسوڵمان بانگەوازەکەی خۆی و سەردەمەکەی بناسێت، لە پاشان بزانێت کە توانای بەسەر چیدا هەیە با بەدڵسۆزی و باشییەوە ئەنجامی بدات، ئەرکەکە بچووك بێت یان گەورە، چونکە کەم زیاد بکە بۆ کەم زۆر دەبێت، هەروەکو چۆن هاتنەخوارەوەی دڵۆپە بەسەر دڵۆپەدا جۆگەلە ئاو دروست دەکات، ئەوکاتە ئەگەر خوای گەورە دڵسۆزیی و شارەزایی لە بەندەکانی خۆی بینی ئەوا کارەکەیان قبووڵ دەکات و گەشەی پێدەدات، جا قەبارەکەی هەرچەندێك بێت، بەوەش ئوممەتی ئیسلامی چاکترین بەرهەم و باشترین کاری بۆ دەستەبەر دەبێت.

## ٨٧- مامەڵەکردن لەگەڵ بەلا و فیتنە:

هەر بەینەنابەینێك بەلا و گرفت و گومان لەبەردەم موسڵماناندا دەوروژێت و دەمدرێژی دەکرێت بەرامبەر خوای تاك و تەنها و، دەستدەکەن بە لەکەدارکردنی

کەسێتیی پێغەمبەر ρ یان دەستدرێژی دەکرێتە سەر جالیە موسوڵمانەکان یان پیرۆزییەك لە پیرۆزییەکانی موسوڵمانان، یان گاڵتە بە نەگۆڕەکانی ئوممەتی ئیسلامیی دەکەن و لە هاوشێوەی ئەمانە، دیارە هۆکار و پاڵنەر بۆ ئەو ڕەفتارانە جیاوازن لەیەك، هەندێکیان ڕق و کینەیە و هەندێکی تریان حەزکردنە بە دەستدرێژی کردنە سەر موسوڵمانان، هەشیانە هۆکارەکەی نەزانیی و نەفامییە.. هەشە بۆ بەدەستهێنانی ناو و ناوبانگە، تیایشیاندا هەیە بەمەبەستی بەهەدەردان و زایەکردنی هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانەی ڕۆڵەکانی ئیسلام و دوورخستنەوەیانە لە مەیدانی ڕاستەقینە کە تێکۆشانیان ئاڕاستەی ئەوێ کردووە.

پێویستە لەسەر عەقڵی بانگخوازیی بەتوانا و لێهاتوو شارەزابێت لە جیاکردنەوەی ئەو جۆرە ورووژاندنانە و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، ئەویش بەدەرککردن و تێڕوانین دەبێت بۆ هۆکار و پاڵنەرەکان و بەرژەوەندی و دەرئەنجامەکانی.

ئەوکاتە بەبێدەنگیی ڕووبەڕووی ئەمیان دەبێتەوە و بەرپەرچی ئەوی تریشیان دەداتەوە و دەمامك لەسەر هەندێکیان هەڵدەداتەوە بێئەوەی ناویان ببات و

بەرهەڵستی بەشێکی تریان دەکات و ناویشیان دەهێنێت، بەڵام پێویستە لەکاتی بەرهەڵستیدا عەقڵی بانگخواز بەوردی حساب بۆ ئەوە بکات کە بەجۆرێکی وەها بێت تێی نەپەڕێنێت، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بەسەریدا بڕوات تێکۆشانەکەی بێهوودە دەبێت و دەکەوێتە بارودۆخێکەوە کە شەڕخوازان بواریان بۆ دەڕەخسێت تاکو سەرقاڵ و ماندوویان بکەن و تووشی نەزیفیان بکەن، ئیتر بەوەش دڵخۆش دەبن و وروژاندنی نوێیان بۆ ئامادەدەبێت تاوەکو یارییەکەیان بەردەوام بێت بەشێوەیەك کە خۆیان دەیانەوێت.

## ٨٨- كاتێك كە باشترینیان دەبێتە ئەولەوییەت:

هەڵبژاردنی فیقهیی و بانگخوازیی چەندین جۆرن، لای خەڵکی لێك جیاوازدەبن بەپێی جیاوازیی تێگەیشتن و ئاستی زانستیی و بارودۆخ، بۆیە ئەوە ژیریی نییە کە یەکێك ڕای خۆی و هەڵبژاردەی خۆی بەسەر کەسێکی تردا بسەپێنێت ئەگەرچی باوەڕی وابوو کە ئەوەی لای خۆیەتی باشتر و دروستترە، ئەگەر لەسەر دروستیی یەك بگرین خێرترە لەوەی کە لەسەر ڕاستی جیاببنەوە و، مامەڵە لەگەڵ باشترینیان بکەین خێرترە لەوەی ڕووبەڕووی یەك ببینەوە لەسەر باشتر.

### ٨٩- بانگەواز گشتییە:

پێویستە لە مەیدانەکانی بانگەوازی گشتیدا ڕاستیەکان بخرێنەڕوو و، بێ چەند و چوونیش جیاوازیی فەقیهەکان و، ئەو بابەتە شازانەش کە ڕیوایەت کراون و ئەو لێکدانەوە دوورانە و گریمانە شیاو و نەشیاوانەش کە هەن بخرێنەلاوە، چونکە هەموو ئەو شتانە جێگەی تایبەتی خۆیان هەیە و پسپۆڕانی ئەو بوارانە بەپێی پێویستی و بەوردبینی گفتوگۆی لەسەر دەکەن، بەلام خەڵکی بەگشتی و پێگەیشتووانیش بەتایبەتی پێویستە خۆیان بە کاروبارێکەوە خەریکبکەن کە گرنگ و بەسوودبێت بۆ خۆیان و ژیانیان.

### ٩٠- تایبەتمەندێتییەکی داواکراو:

لە ئەرکەکانمان ئەوەیە بانگخوازان و زانا و خواناسانی هاوچەرخ و پێشینانمان خۆشبوێت و دوعای خێریان بۆ بکەین و بیانکەینە پێشەنگ، بەلام ڕەوا نییە بە پیرۆزیان بزانین و ناشبێت ئەزموونەکانیان بەشێوەیەکی حەرفی بگوێزینەوە کە تایبەتمەندێتیمان فەرامۆش بکات لەوەدا کە پێویستە زەمان و مەکان و بارودۆخی تێدا ڕەچاو بکرێت، بەلام بەو شێوەیە تێدەکۆشین کە ئەوان تێکۆشاون بۆی و چاودێردەبین هەروەکو چۆن ئەوان چاودێرییان کردووە.

## ٩١- خوو و نەریت نەك دین:

لەهەنـــدێك كاتـــدا بـــاوو و خـــوو و عـــورف دەبێتـــە بارگرانییـەكی گـەورە بەسـەر خەڵكـەوە، بەڕادەیـەك وەك دین خۆ دەنوێنێـت و لەبازنـەی دینیشـدا نییـە. دەتـوانین تێبینی ئـەوە بكـەین لـەناو بۆنـە خـۆش و ناخۆشـەكان و پەیوەندییــە كۆمەڵایەتییەكانیشــدا و لــەكاتی هەڵوێســت گرتنـدا بەتایبـەتی دەربـارەی ئـافرەت... بۆیـە پێویسـتە جیاوازی بكەین لەنێوان باوو و خوو و نـەریت و ئاییـندا و، فــەرمان بەســەر بــاو و خــوودا بــدەین بــە ڕەتكردنــەوە و قبـوڵكردنی بەشـێوەیەكی وەهـا كـە بیخەینـە ژێـر ڕكێفـی دینەوە.

## ٩٢- ئیمانداری بەهێز:

پێویسـتە لەسـەرمان كـە تێبكۆشـین بـۆ ئامـادەكردنی ئیمانداری بەهێز و بەتوانا، چونكە باشتر و شـیرینترە لای خوا لە ئیمانداری لاواز، هــەروەك لــە فــەرموودەی پــیرۆزدا هاتووە و، هەروەكو چۆن هێزیش لەبیروباوەڕی دروست و پتەو و ڕەفتـاری دامـەزراو و عـەقڵی هۆشـیار و جەسـتەی تەندروستدا هەیە. ئەمە وامان لێدەكات كـە بەشـێوەیەكی هاوتا و بەتەواوی گرنگی بە لەشولارمان بدەین، هەروەها

دەبێت سووربین لەسەر دابینکردنی هەموو ئەو شتانەی کە بەکەڵکی لەش دێن لە خۆراك و وەرزش و پاکوخاوێنی و شتی لەو شێوەیە و، وریابین لەهەرشتێك کە ئازاری بدات وەك مادە بێهۆشکارەکان و جگەرە و شەراب و هاوشێوەیان. گرتنەبەری ئەم هۆکار و ڕێ و شوێنانەش چەندین سوود و کەڵکی هەیە، لەوانە ئەو جۆرە جەستانە توانایان لەسەر هەڵگرتنی ئەرکی کاری بانگخوازیی دەبێت بەهەموو توانا و بایەخێکەوە.

# کۆتایی

پێش دوو دەساڵان لەمەوبەر کۆمۆنیستیی ڕووخاو و ئەمڕۆش سەرمایەداریی ڕۆژئاوا بەئەزموونێکی قورسدا تێدەپەڕێت، پێگە گەورەکانی لەرزۆك بووەو ڕێسا بنەڕەتییەکەشی جێی پرسیارگەلێکی گەورەیە، ئەوەی کە لە ڕۆژئاواش تێبینی دەکرێت ئەوەیە هۆکارەکانی هێز و زاڵبوونی بەرەو دوا کشاوەتەوە کە بەهۆیەوە سەروەری پەیداکردبوو.. ڕۆژانەش هۆکاری تازەی پاشەکشەمان بۆ دێت، گومانیشی تێدا نییە سوننەتی (خودا) دوا ناکەوێت و خاتری کەسیش ناگرێت.

ئیتر هیچ کەسێك نەماوە کە توانا و لێهاتوویی ئامادەی بکات تاوەکو ببێتە ئەو کەسەی کە مرۆڤایەتی ڕزگار بکات، جگە لە ئێوە ئەی بانگخوازانی ئیسلام، ئێوە دەبێت لە ئاستی دینەکەتان و لەئاستی ئەم سەدەیەشدابن تاکو ببنە کەشتییەوانی ئەم کەشتییە، بۆیە دەبێت چاکە لەگەڵ خۆتان و هەموو خەڵکیش بە موسوڵمان و ناموسوڵمانەوە بکەن.

بێگومان بەرپرسیارێتیتان گشتییە و درێژدەبێتەوە لە زەمان و جێگە و مرۆڤەکاندا و بانگەوازەکەشتان وتاری

سۆز و بەزەییيە و شەریعەتی ئاسانكاری و لابردنی كۆت و پێوەند و تەنگاوبوونە و، میهرەبانە لەگەڵ هەموو خەڵكی لەسەر زەوی لەبەر ئەمەیە دەبێت ئێوە ئەركەكەی خۆتان بەباشی جێبەجێ بكەن و فێری ئەوەبن كە ئێوە بانگخوازن و دادوەر و قازی نین، چاكسازن و شۆڕشگێڕ نین، بنیاتنەرن و وێرانكەر نین، ئێوە بەسۆز و بەزەیین نەك ڕق و كینە هەڵگر، كاردەكەن بەڕۆحی باوكایەتییەوە بۆ ڕۆڵەكانی و پزیشك بەرامبەر نەخۆشەكانی، نەك بەگیانی ئەو حەرەس پاسەوانەوە[1] كە بەزەبر و زەنگە و بووەتە ئالەتی تۆڵە سەندنەوە.

ئێوە كاتێك كە ئەوە دەكەن زرنگ و ڕابەر و ڕێنماییكراو و ڕێنماییكارن، ئێوە بەسوودترین خەڵكانێكن بۆ بەندەكانی خودا و خەڵكی خودا، خۆشەویستترین كەسانێكیشن لای ئەوانەی كە باشترین كەسن بۆ خەڵكی خۆیان، ئەوكاتە خەڵكی بە ئیرادەی خۆیان جڵەوی سەركردەییتان بۆ چاكە و خێر و ئاشتی دەدەنە دەست. ئەم یاداشتە كۆمەڵێك ڕێسای پێشنیاركراوی گرتووەتە خۆی كە هەر لەسەرەتاوە تاوەكو كۆتایی دەرئەنجامی

١- وەردیان: پاسەوانی گرتووخانە.

شارەزاییيەکی دوور و درێژ و خوێندنەوەیەکی بەردەوام و تێڕوانینێکـــــــی ورد و مانـــــــدووبوون و ئـــــــەزموون و بەدوواداچوونە.

تاوەکو بخرێتە بەردەستی موسوڵمانان بەگشتی و دانـا و ژیرەکانیشیان بەتایبەتی، بۆ ئەوەی ببێتە بەڵێننامەیەك بۆ کاری بانگخوازیی و دەستوورێکیش بێت بۆ بیرکردنەوە و مومارەســەکردن، بەڕادەیــەك کــە مــەودای پێکهــاتن و ڕاستیی و کارایی زیادبکات و مەودای لێکجودایی و هەڵە و ناکارایی کەم بکاتەوە.

هیــوادارم کــە لەلایــەن کــارگوزارانی ئیســلامییەوە دیراسەیەکی قـووڵی بـۆ بکرێـت، بـەدەربڕینی ڕای خۆیـان بۆی و بە لابردن و زیادکردن و یەکخستن و ڕاسـتکردنەوە و پاش و پێش کردنی و پێشنیار و هەڵسەنگاندنییەوە.

ئێمە پەیمان دەدەین بە موسوڵمانانی بەڕێز.. ئەوانـەی کە بۆمان دەنووسن، بێگومـان نووسـراوەکانیان جێگـەی بایەخ و ڕێز و پێزانینی ئێمە دەبێت، داوایان لێدەکەین کە بــەو چــاوەوە بڕواننــە ئــەم یاداشــتە کــە هــی خۆیانــە و لەخۆیانەوەیە، چی بۆ دەنووسن با بینووسن سوپاسکراون و پاداشتیان دەبێت.

بێگومـــــان خســــتنەڕووی بیرۆکـــــە لەڕووناکیـــــدا و گفتوگۆکردن لەسەری ئـاوا بـە ئاشـکرا باشـترین شـێوەیە تاوەکو بزانیت چی تێدایە لە هەڵـە و ڕاسـت، لێـرەوە ئـەو حەز و خواسـتە هـاتووە کـە ڕاوێـژ بکرێـت بـەو کەسانەی بایـەخ بـە کـاری بانگـەواز دەدەن تـاوەکو سـوود لـەبیر و ڕاکانیان ببینرێت بەمەبەستی چاك کردنی، بۆ ئەوە دەبێت بخرێتە بەردەستی ڕێکخراوەکان و کۆمەڵە ئیسـلامیەکان، وەکـو دیارییـەکی ئێمـە بـۆ ئـەوان، بەگونجانـدنی لەگـەڵ تایبەتمەندییەکانیان سوودی لێ وەربگـرن و بۆیشـی زیـاد بکەن و پەرەی پێبدەن لەوەشدا بەپشـتیوانی خـودا خێـر زۆر دەستگیر دەبێت.

لەکۆتایدا داواکارین لە خوای گەورە یارمەتیمان بدات و ســەرکەوتوو و موەفـــەقمان بکـــات بـــۆ ئەنجامـــدانی ئـــەو کارانەی کە پێی خۆشـە و لەگوێڕایـەڵی خۆیـدا بـەکارمان بهێنێت هەر ئەویش بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

# پێڕست

پێشەکی وەرگێڕ ....................٥
پێشەکی دانەر .....................٧
ڕواڵەتی ئەم بێدارییە ............... ٨
چەندین هۆکار ..................... ٩
شکستی ساڵی (١٩٦٧)ی زاینی .... ١٠
یاسای پاڵنان ...................... ١١
ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت .......... ١٣
دوو تاوەرەکەی نیۆرك ٢٠٠١/٩/١١ . ١٤
هۆشیارییەکی گرنگ و خوازراو ..... ١٥
کێشەکان و ئاگادارییەکانیان ....... ١٦
خاڵی دەستپێك .................... ١٩
خواست و ئاواتێکی جوامێرانە ........ ٢٢
ڕێساکانی بەڵێننامەکه ..............٢٥
پێڕست ......................... ١٠٨

# ئەم بەڵێننامەیە:

بریتییە لە بانگکردنی موسوڵمانان بە گشتی و بانگخوازان بە تایبەتی بۆ ڕێککەوتن و بە یەکگەیشتن لەسەر کۆمەڵە بنەما و پرەنسیپێک کە بە هەموویانەوە پەیماننامەیەکی شەرەف بۆ کاری بانگەوازیی و دەستورێکی رۆشنبیریی بۆ فیکر و مامەڵەکردن پێکدەهێنن، بە شێوەیەک کە ڕووبەری پێکهاتن و پێکەوە کارکردن و راست و رەوایی و کارایی لە کاری بانگەوازدا زیاد بکات و ڕووبەری ناکۆکی و هەڵە و بەتاڵی کەم بکاتەوە.

ئەم بەڵێننامەیە بڵاوکردنەوەی روحی خۆشەویستی و متمانە لە نێوان بانگخوازاندا و نزیککردنەوەیان لە یەکتر بە ئامانج دەگرێت، هانی روحی رەخنەگرانەی بنیاتنەر دەدات، گۆشەنیگاکانی وردبوونەوە و بیرکردنەوە فراوان دەکات، بە بەرزی دەڕوانێتە رەهەندەکانی داهێنان و نوێگەریی و هاوکاریی یەکتر لەو شتانەی بانگخوازان کۆکن لەسەری، لێبوردەیی لەوانەی ڕاجیاییان هەیە تیایدا، دەرچوون لە بازنەی بێئیشی بۆ بازنەی کاریگەریی و کارکردن.

ئەم بەڵێننامەیە دەیەوێت کارنامەیەک بێت لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) وەرگیرابێت، دوور لە پەڕگیریی و کەمتەرخەمیی و نمونەی میانڕەوی بێت و هەڵگری ناوی هیچ حیزب یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراو یان قوتابخانەیەکی بانگخوازیی یان ئیجتهادێکی فیقهی یان پشتیوانییەکی ئیقلیمی نەبێت، بە هیچ شێوەیەک رەواج نادات بە هیچ یەکێک لەمانە و بەسووک سەیری ئەوانی تر ناکات.




نرخ: ٢٠٠٠ دینار